سایە

تۆ گەورەتر لەوەیت کە بیری لێ دەکەیتەوە ٦

# ڕەوشت بەرزی

٧

## مەسعود لەعلی

چاپی سێیەم

وەرگێڕانی: سەردار حەسەن خانی

کتیبخانه

# پێرست

پێشەکی ..... ٩
ڕازی نابینایی ..... ١٥
ئەمانەت و ئەمینداریی ..... ١٦
"دوا ئێوارەخوان" ..... ١٧
"بۆ هەر جێیەك بڕۆیت، ئاسمان هەر ئەم ڕەنگەیە" ..... ١٨
فیداکاری ..... ١٩
خورمەتی نمەك ..... ٢٠
پاشا و پیرەمێرد ..... ٢٢
ئەوانی تر چاندیان، ئێمە دەیخۆین، ئێمە دەچێنین ..... ٢٣
هاوڕێی وەفادار ..... ٢٤
باشترین و خراپترین کەسی بەنی ئیسرائیل ..... ٢٥
حەزرەتی ئادەم لەبەرامبەر شەش پەیکەردا ..... ٢٩
ڕاکردن لەخود ..... ٣١
نەفسی خۆت بکوژە ..... ٣٢
ڕازی بارسووکی ..... ٣٣
سەبر چییە؟ ..... ٣٤
بڕێی ..... ٣٥
خووی باش ..... ٣٦
نوێژەیی ..... ٣٨

ڕاستگۆیی ..... ٢٩

سێ کوڕاوی تەماح ..... ٤٢

هەڵوێکیان هی منن ..... ٤٣

تەماح ..... ٤٤

چ کەسێک هەژارە؟ ..... ٤٦

ئەوەش وێستنە ..... ٤٧

نیازو بێنیازی ..... ٤٩

ئەسکەندەر و دیوژەن ..... ٥٠

پەچەی خۆبینی ..... ٥١

نیازی پاک ..... ٥٢

سکالا لە ئیرادگرەکان ..... ٥٥

خۆپەسەندی ..... ٥٦

لێبوردەیی و خۆشکێنی ..... ٥٧

ئەو مێشولەش تۆی، ئێمە هیچ نین ..... ٥٧

پەکڕەنگی و ڕوونی ..... ٥٨

دووڕوویی ..... ٥٩

پەکڕەنگی ..... ٥٩

بیرۆکەی پۆزەتیف ..... ٦٠

چ کاتێ کامڵ دەبین؟ ..... ٦٢

پێگەی قایل بوون ..... ٦٣

نەبوونی داپەڕوەری ..... ٦٤

سەڵماندنی خڵ یان خوا؟ ..... ٦٧

کەی شارلاوە بووی تاکو بتدۆزمەوە؟ ..... ٦٧

بەدیهاتنی دوعا ..... ٦٩

کەرامەت چییە؟ ..... ٧٠
لوتفی ئاسمانی ..... ٧١
لە پێناوی ڕاستی ..... ٧٢
ئایینی بەندەیی ..... ٧٣
ڕزگاری ..... ٧٤
نیازپاکی ..... ٧٦
خوا دڵۆڤانە ..... ٧٨
دەریای لێبوردەیی ..... ٧٩
دەبێ بە ئاڵتون بینوسی ..... ٨٠
وتووێژی جەبرەئیل و میکائیل ..... ٨٢
پێناسەی پێگەیشتن ..... ٨٢
متمانەی بە ئێمە بوو ..... ٨٣
چیرۆکەکانی متمانە کردن ..... ٨٤
دزی ئایین ..... ٨٥
گەڕانەوە بۆلای ئەو ..... ٨٦
چیرۆکی تۆبەی عەترفرۆش ..... ٨٧
قەباعەتی دزی ..... ٨٨
دو شێوەی مردن ..... ٨٩
ڕاستی مەرگ: تاڵ یان شیرین؟ ..... ٩١
شوکر ..... ٩٢
ژمارەی نیعمەت ..... ٩٣
حەج هەر سوڕان بە دەوری بەردا نییە ..... ٩٣
پێگە و پەیامی مرۆڤ ..... ٩٧
گەڕان بەدوای خەزێنەدا ..... ٩٨

مەبە بەچیرۆکنووس..... ١٠٠
کردەوەی بایەزید ..... ١٠١
شەرافەت ..... ١٠٢
هێزی هیمەت ..... ١٠٣
هێزی ئیرادە ..... ١٠٣
غەفڵەت..... ١٠٤
پیاو بەپلە و پایە گەورە نابێت..... ١٠٥
نهێنی ژیانێکی شاد ..... ١٠٦
ئاسانترین ڕێگەی گەیشتن بەخودا..... ١١١
سەردانی کردنی خوداوەند ..... ١١١
حەجی گشتی، حەجی تایبەت..... ١١٢
بەزەیی هاتنەوە بە مێروولە ..... ١١٤
بەخشش..... ١١٥
خولق و خووی دەروونشی..... ١١٦
بەزەیی ..... ١١٧
دوو جۆر مامەڵە..... ١١٨
چاکە لەوەڵامی خراپەدا..... ١٢١
بەهۆی خۆشەویستییەوە..... ١٢٢
خووی نەرم ..... ١٢٣
دڵۆڤانی هونەرە..... ١٢٤
دەبێت بەزۆر بنووسرێت..... ١٢٥
"وتەکانی بایەزید بەستامی" ..... ١٢٥
من و تۆ ..... ١٢٦
٦..... ١٢٧

تەمەن ناکۆدرێتەوە ! ..... ۱۲۹
چەند وانەیەکی زێڕین ..... ۱۳۳
دانایی ..... ۱۳۵
بەدوای سێ شتدا مەگەڕێن کە نایدۆزنەوە ..... ۱۳۸
گەڕان بەدوای ئاگردا ..... ۱۳۸
دەبێت بەزێڕ بنووسرێت ..... ۱۳۹
"وتار و قسەکانی حسن بصری" ..... ۱۳۹
سەختترین شتەکان چین؟ ..... ۱٤۱
سەرەتا بیرکردنەوە دوایی قسەکردن ..... ۱٤۲
تەمەنت چەند ساڵە ؟ ..... ۱٤۲
مال و چێشتخانە ..... ۱٤۳
پرسیارکردن لەسوقرات ..... ۱٤۵
ناوبانگی باش ..... ۱٤٦
۷ ..... ۱٤۷
وەڵامی پێغەمبەر( ص ) ..... ۱٤۹
لەناو خەڵکدا بە ..... ۱۵۰
کورتایی حکومەتەکان ..... ۱۵۱
زوڵم ..... ۱۵۲
نازادی رادەربڕین ..... ۱۵۳
ئامۆژگاری ..... ۱۵٤
ئاسایشی کۆمەڵایەتی ..... ۱۵۵
عەلی(ع) و خەڵکی ئەنبار ..... ۱۵٦
ڕێبوار ..... ۱۵۷

# پێشەکی

## (چیرۆک و پەندەکان)

لەکۆندا، پیرەمێردێک لەگەڵ تاکە کوڕەکەی دەژیا. رۆژێک کوڕە بەهۆی کارە نەشیاوەکانی باوکی لەخۆی تووڕە کرد و باوکی بە هاوارەوە وتی: "کوڕم تۆ نابیت بە مرۆڤ!"

کوڕە تۆزا، لەماڵ چووە دەر و باوکی تەنها جێهێشت!

سالانێک تێپەڕی...

کوڕە کە ئێتر پیاوێکی پێگەیشتوو بوو و کرابوو بە حاکمی شارێک، رۆژێک ژمارەیەک لەسەربازەکانی راسپارد بۆ ئەوەی باوکی بدۆزنەوە. باوکیان بۆ هێنا و لەگەڵ چاوپێکەوتنی، کوڕە بە گاڵتەجارییەوە وتی:

"پیرەپیاو لەبیرتە کە بە منت وت نابیت بە مرۆڤ! ئێستا سەیر بکە!"

باوکە پیرەکەی کە بەهۆی تەمەنەوە بەسەختی دەیتوانی ببینێت، هەندێک لەڕوخساری حاکم ورد بووەوە و کوڕەکەی ناسییەوە. دەست بەجێ وتی:

"ئەرێ کوڕم.. لەبیرمە، بەڵام خۆ من نەموت نابیت بە حاکم، وتم نابیت بە مرۆڤ!"

لەپەندێکی فارسیدا هاتووە کە بوون بەمەلا و زانا چەندە ئاسانە و مرۆڤ بوونیش چەندە گرانە.

بابەتی مرۆڤ، گەشە، پێگەیشتن و لەکۆتاییدا (مرۆڤی کامڵ) یەکێک لەگرنگترین و دێرینترین باسەکانە، کە لەکەلتوورەکان و ئایدیا جیاوازەکانی فکر و فەلسەفەی خۆرهەڵات و خۆرئاواشدا هەبووە. ئێمە

هێشتاش گوێمان لەدەنگی پێی دیووژەن – حەکیمی یۆنانی کۆن – ە لەدڵی مێژوودا کە بەچرایەك لەپۆژی رووناکدا بەدوای مرۆڤی (کامڵ)دا دەگەڕا.

گەیشتن بە بەختەوەری، ئارامی و رزگاربوون لەکۆتوبەند، گرنگترین ئامانجی مرۆڤایەتییە و گومان لەوەدا نییە کە رۆیشتن بەرەو گەشەسەندن و بەلاوەنانی کەموکوڕییەکان و لاوازییە کەسایەتی – ڕەفتارییەکان، گرنگترین ڕۆڵ دەبینێت لەڕێی گەیشتن بەئارامی و ئاسایش.

ئێمە ئامادە نین لەسەر خودی خۆمان سەرمایەگوزاری بکەین، بەوە نازانین کە هەر گۆڕانکارییەك لەژیانماندا بە گۆڕان لەدەروونی خۆمانەوە دەست پێدەکات. هەوڵ دەدەین بە چوونە ناو ڕەوتی "بەدەست هێنان" بۆشاییەکانی ژیانمان پڕ بکەینەوە. کەچی بێ ئاگاین لەوەی کە خۆشبەختیمان راستەوخۆ پەیوەندی بەوەوە هەیە کە هەین، نەوەك ئەوەی کە هەمانە.

لەڕاستیدا دۆزینەوەی مرۆڤی کامڵ، بەشێکی زۆری ڕێگەچارە، ئاواکردنی دنیایەکی باشتر و راکردن لەدۆزەخی نائومێدی و سۆزە نەرێنییەکانی تاکە کەسی پێك دەهێنێت.

دوو سەفەر و دوو هەڵبژاردنمان لەپێشە. یەکیان، سەفەرێکی دەرەکی و ئەوی تر سەفەری دەروونی. بەڵام دووهەم بژار، لەئاکامدا ڕووبەڕووی (وجود)ی سەرتری خۆمانمان دەکاتەوە. گەورەییەك کە لەقوواڵیی (وجود)ی ئێمەدا هەروەك خەزێنەیەك چاوەڕێی دۆزینەوەیە.

# ١

## لەئاییینی جوامێراندا

پرسیان: "جوامێر بەچیدا دەزانێت کە جوامێرە."
وتی: "بەوەی کە ئەگەر خوداوەند هەزار چاکە
لەگەڵ براکەیدا بکات و لەگەڵ ئەودا یەک، ئەویش
دەخاتە سەر (دە)کەی تر تاکو بۆ براکەی بێت."

/ خەڵکی سێ گروپن: یەکێك بێ
ئەوەی ئازارت بۆی هەبێت، ئازارت
دەدات، یەکێك ئازاری بدەیت، ئازارت
دەداتەوە و یەکی تریش کە ئازاری
بدەیت، ئازارت ناداتەوە./

*"ئەبولحەسەن خەرقانی"*

## ئایینی جوامێری

گەنجێکی برسی و تینوو لەبیابانـدا مابوویـەوە، کـە لـەپڕ چـاوی دەکەوێت بە پیرەمێردێك، ئاخۆ خەون بوو؟

لێی نزیك بوویەوە، نا، راست بوو. پیرەمێرد نان و ئاوی پێی دا و، دواتر لەتەنیشت ئاگرێك کە پیرەمێرد کردبوویەوە، تاکو بەیانی خەوت.

بـەیانی کاتێـك پیرەمێـرد لەخـەو هەسـتا، گەنجەکـە و ئەسـپەکەی نـەمابوون. سـەیری دەوروبـەری کـرد. گەنجەکـەی بـینی کـە سـواری ئەسپەکەی ئەو بووە و خەریکە دوور دەکەوێتەوە. بانگی لێکرد و وتی: "تکایەکم لێت هەیە."

گەنجەکە وتی: "بیلێ"

"تکایە لەبارەی ئەم بەسەرهاتەوە بۆ کەس مەدوێ"

گەنجەکە وتی: "تۆ نان و ئاوت دا بەمن، لەپاڵ ئەو ئاگرەی تۆ کردبووتەوە شەوم بەسەر برد، بەڵام خواستی تۆ تەنها ئەمەیە کە لەبارەی ئەم بابەتەوە لەگەڵ کەس قسە نەکەم."

پیرەمێرد بەڕوویەکی ترشەوە وەڵامی دایەوە: "با ئەگەر هات و کەسێک ڕۆژێک، کەسێکی تری لەبیابان بینی کە پێویستی بە یارمەتییە، لەیارمەتیدانی دوودڵ نەبێت و ئایینی جوامێری لەناو نەچێت."



/به دەرونشێکیان وت: بۆچی ژن ناهێنیت؟
وتی: ژن، پیاوی شایستەی دەوێت و من
هێشتا بەپلەی پیاویەتی نەگەیشتووم،
چۆن ژن بهێنم!/

## رازی نابینایی

پیاوێك ژنی هێنا، پێش ئەوەی ژنەکە بچێت بۆ ماڵی مێردەکەی تووشی نەخۆشی بوو و چاوێکی لەدەست دا.

کاتێك پیاوەکە ئەو هەواڵەی بیست، وتی: "تووشی چاونێشە بووم"، پاش ماوەیەك وتی: "چاوەکانم نابینا بوون!"

ژنەکەیان هێنا بۆ ماڵی و بیست ساڵ لەگەڵ ئەو ژندا ژیا، ژنە مرد. پیاوەکە هەردوو چاوی کردەوە.

وتیان: "چۆن شتی وا دەبێت؟"

وتی: "خۆم لەکوێری دا تاکو ئەو ژنە خەفەت لەحاڵی خۆی نەخوات."

وتیان: "تۆ پێش هەموو جوامێرێك کەوتیت."

## ئەمانەت و ئەمینداریی

پیاوێك تاریك و روونی بەیانی لەماڵ دەركەوت تاكو بچێت بۆ گەرماو. لەڕێدا، چاوی بە هاوڕێیەك كەوت، وتی: "گەر پێت باش بێت بەیەكەوە بچین بۆ گەرماو؟" وتی: "تاكو بەر دەرگای گەرماوەكە لەگەڵتدا دێم."

بەڵام لەسەر دووڕیانێك بێ نەوەی نەو پیاوە ئاگادار بكاتەوە بەڕێیەكی تردا ڕۆیشت. بە هەڵكەوت دزێك لەدواوەی نەو پیاوە دەڕۆیشت. پیاوەكە ئاوڕێكی لەدواوە دایەوە و دزەكە بینی. هێشتا تاریك بوو، وایزانی هاوڕێكەیەتی، سەد دینار لەگیرفانیدا بوو. دەریهێنا و خستیە ناو دەستی دزەكە و وتی: "براكەم، ئەمە ئەمانەتی تۆ بێت، كاتێك لەگەرماو هاتمە دەرەوە پێمی بدەرەوە."

دزەكە لێی وەرگرت و لەوێدا مایەوە تاكو لەگەرماوەكە هاتە دەرەوە. ڕۆژ رووناك ببوو، جلەكانی لەبەر كردەوە و ڕێی ماڵەوەی گرتەبەر.

دزەكە بانگی لێكرد و وتی: "ئەی جوامێر پارەكەت وەربگرەوە و بڕۆ. ئەمڕۆكە لەئێش و كارت خستم."

پیاوەكە وتی: "ئەم پارەیە چییە و تۆ كێیت؟" وتی: "من كابرایەكی دزم، وتی: "ئەگەر تۆ دزیت بۆچی پارەكەی منت نەبردووە؟"

دزەكە وتی: "تۆ بە ئەمانەت بە منت دا./خۆ ئەمیندار نابێت لەمانەت بخوات، خیانەت لەئەمانەت جوامێری نییە."/

*"امیر عنصر المعالی"*

## "دوا ئێوارەخوان"

لاوێکـی گونـدی لەدرێـژەی یـەکێك لەگەشـتەکانی خـۆی لـەماڵی هاوڕێکـەی دەمێنێتـەوە و شـەو لـەوێ دەخـەوێت. خانـەخوێ بـۆ میواندارێتی لە هاوڕێکەی چێشتێك بەگۆشتی مەڵی کێوی لێدەنێت.

لەکاتی خواردن لاوە گوندییەکە پرسیار دەکات: "ئایا ئەم چێشتە بە گۆشتی مەڵی کێوی لێنراوە؟" خانەخوێ لەوەڵامدا دەڵێت: "نا."

لاوە گوندییەکـە پـاش خـواردن ماڵئـاوایی دەکـات و درێـژە بـە گەشـتەکەی دەدات. پـاش تێپـەڕبوونی چـەندین سـاڵ دووبـارە ڕێـی دەکەوێتـەوە مـاڵی هاوڕێکـەی. خانـەخوێ پرسـیاری لـێ دەکـات: "ئایـا حـەز بـە خـۆراکی مـەڵی کێـوی دەکـات؟" لاوی گونـدی دەڵێـت: "ئـەم چێشتە لەلایەن سیحربازی هۆزەکەیانەوە بۆ ئەو قەدەغە کراوە."

خانەخوێ دەڵێت: "ئەو چێشتەی چەند ساڵ لەمەوبەر لێرە خواردت مەڵی کێوی بوو." لاوە گوندییەکە ترس و لەرز دایدەگرێت و لەئاکامدا پاش بیست و چوار کاتژمێر دەمرێت.

## "بۆ هەر جێیەك بڕۆیت، ئاسمان هەر ئەم ڕەنگەیە"

دەووترێت کە زۆربەی کات سوقرات لەپێش دەرگای شاری ئەسینا دادەنیشت و بێگانەکانی بەخێرهاتن دەکرد. رۆژێك بێگانەیەك چووە لای و وتی: "من دەمەوێت لەشارەکەی ئێوەدا نیشتەجێ بم. خەڵکی ئەم شارە چۆن خەڵکێکن؟"

سوقرات پرسی: "لە زێدی خۆت مرۆڤەکان چۆنن؟"

پیاوی بێگانە وتی: "خەڵکێکی ئەوەندە باش نین. درۆ دەکەن، فێڵبازن و دزی دەکەن. لەبەر ئەوەیە کە زێدی خۆم تەرك کردووە."

سوقراتی ژیر دەڵێت: "خەڵکی ئێرەش هەر بەهەمان شێوەن. ئەگەر لەجیاتی تۆ بوومایە لەگەڕان بەردەوام دەبووم."

پاش کەمێکی تر، بێگانەیەکی تر هات بۆلای سوقرات و لەبارەی خەڵکی ئەسیناوە پرسیاری لێکرد. سوقراتیش دووبارە دەیپرسی: "مرۆڤەکانی شاری خۆت چۆن مرۆڤێکن؟"

بێگانە جوابی دایەوە: "بێ کەموکوڕین، یارمەتی یەکتر دەدەن و راستگۆ و زەحمەتکێشن. لەبەر ئەوەی دەمویست شوێنەکانی تری دنیاش ببینم وڵاتەکەم جێ هێشت."

سوقراتی بیرمەند لەوەڵامی ئەمەیاندا دەڵێت: "ئێرەش هەر بەم شێوەیە. بۆچی ناچیتە ناو شارەکەوە؟ دڵنیابە ئەم شارە، هەمان شوێنە کە وێنات دەکرد."

/ تێبینی: خۆمان چۆن بین دنیاش هەر بەو شێوەیە دەبینین و لە دەروونی خۆماندا چی هەبێت لەکەسانی تریشدا هەر ئەوە دەبینین. مرۆڤێک کە باش و بەسۆز بێت، لەدەوروبەری و لەو مرۆڤانەی کە لەگەڵیاندا پەیوەندی هەیە جگە لە چاکە شتێکی تر نابینێت و، مرۆڤی لاسار و پەشبینیش بچێت بۆ هەر شوێنێک جگە لە ناشیرینی و کەموکوڕی ژینگەکەی شتێکی تر نابینێت. لەبەر ئەوەیە کە دەڵێن: "بەرلەوەی ناونیشانت بگۆڕیت فکرت بگۆڕە." کاتێک نەگۆڕێن بچن بۆ هەر شوێنێک ناسمان هەر ئەم ڕەنگەیە./

## فیداکاری

/ حسێن نەنتاکی کە شێخێکی ناسراو بووە، دەگێڕێتەوە: "زیاتر لەسی هاوڕێم کۆببوونەوە، تەنها نانێکیان پێ بوو." نانەکەیان لەت لەت کرد و چراکەیان کوژاندەوە تاکو ئەوەی خواردی شەرم نەکات، کە زیاتر یان کەمتری خواردبێت.

کاتێک چراکەیان داگیرساندەوە نانەکە هەروا لەشوێنی خۆی مابووەوە. کەس دەستی بۆ نەبردبوو و فیداکارییان بۆ یەکتر دەنواند./

*"محەمەد عولا"*

## حورمەتی نمەك

دەگێڕنەوە کە یەکێك لەدزەکانی ماوراءالنهر (سنووری ئێران و سۆڤێتی کۆن) کە لەکاری دزیدا زۆر لێهاتوو بوو، رێی کەوتە شاری نەیشابووری ئێران و بڕیاری دا کە لەو شارەدا ماڵ و موڵکێك بەدەست بهێنێت. پاش لێکۆڵینەوە، شوێنی خەزێنەی میری نەیشابووری دۆزییەوە، دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر توانی تونێلێك هەڵبکەنێت کە دەچووە سەر خەزێنەی ئەمیر.

شەو لەو تونێلەوە چووە ناو خەزێنەکە و لەتاریکی شەودا شتێکی بینی کە دەتروسکێتەوە و رووناکە، بیری لەوە کردەوە کە لەوانەیە (گەوهەری شەوچرا) بێت، کە زۆر بەنرخ بوو. چەندەی دەستی لێدا و هێنای و بردی، هیچی لێ تێنەگەیشت. سەری سوڕمابوو کە بەڕاستی ئەوە چییە؟ زمانی بەو شتەدا هێنا و تامی کرد، زانی کە خوێیە.

کەوابوو هەرچی هەڵیگرتبوو داینایەوە سەر جێی خۆی و بەبێ ئەوەی شتێك لەگەڵ خۆیدا ببات، رۆیشت.

رۆژی دواتر ئەمیریان ئاگادار کردەوە کە کۆمەڵە دزێك تونێلیان هەڵکەندووە و چوونەتە سەر زێڕوزیوەکەی، بەڵام هیچیان نەدزیوە و رۆیشتوون. ئەمیر واق مابوو، کە چۆن تونێلیان هەڵکەندووە و چوونەتە سەر زێروزیوەکەی و هیچیشیان نەبردووە.

ئەمیر فەرمانی دا بانگەوازێك بكەن كە چۆن دز خۆی گەیاندووەتە خەزێنە و هیچی لەگەڵ خۆیدا نەبردووە و، هەر كەسێك راستگۆیانە دانی پێدابنێت، ئەمیر ببەخشێت.

رۆژێك دوای بانگەوازەكە گەنجێك هات بۆلای ئەمیر، كاتێك پرسیاریان لێكرد، لەوەڵامدا وتی: "وامزانی كە ئەو شتە گەوهەری شەوچرایە. بەڵام كاتێك زمانم پێیدا هێنا و تامم كرد، بۆم دەركەوت كە خوێ بووە. لەبەر ئەوەی نەمكم تام كردبوو رۆیشتم لەبەرئەوەی لەمەزهەبی جوامێریدا واجب بوو.

هەربۆیەش دەستم بۆ كەم و زۆر نەبرد و لێی خۆش بووم. ئەمیر لەگەڵ بیستنی قسەكانی، دەستخۆشی لێكرد و كردی بە فەرماندەی سوپاكەی و، ئەو پیاوەش وازی لەدزی هێنا و بووبە یەكێك لەپیاوە گەورەكانی نەیشابوور.

چاندیان و خواردمان و دەچێنین و دەیخۆن
لەڕاستیدا هەموومان جووتیاری یەکترین
*"سەعد وەراوینی"*

## پاشا و پیرەمێرد

رۆژێك نەوشیروان كە پاشایەكی دادوەر بوو، بەڕێگەیەكدا دەڕۆیشت كە تووشی پیرەمێردێكی داچەماو بوو. پیرەمێرد خەریكی ناشتنی دارگوێزێك بوو. نەوشیروان پێی وت: "تۆ كە قژت وەكو شیر سپی بووە و چەند رۆژێكت لەژیاندا ماوە، بۆچی درەخت دەچێنیت كە دە ساڵی تر بەروبوومەكەی پێدەگات؟!"

پیرەمێرد لەوەڵامدا وتی: "تاكە هۆكارێك بەسە بۆ درەخت چاندن د ئەویش، ئەوەیە كە تاكو زیندوویت دەبێ كارێك ئەنجام بدەیت و بێكار نەبیت، هەروەكو ئەوانی تریش بێكار دانەنیشتن، درەختیان بۆ ئێمە چاند و خۆیان ماڵئاواییان لەژیان كرد. تاكو زیندوو بین دەبێ سوودمان بۆ كەسانی تر هەبێت."

## ئەوانی تر چاندیان، ئێمە دەیخۆین، ئێمە دەچێنین ئەوانی تر دەیخۆن

پاشا ئەم قسەیەی بەلاوە خۆش بوو و کیسەیەك زێڕی دا بەو پیرەمێردە.

پیرەمێرد وتی: "ئەی پاشای بەخشندە، درەختەکەی من هەر ئەمڕۆ میوەی خۆی دا. ئێستا کە تەمەنی من حەفتا ساڵیشی تێپەڕاندووە، سوودی خۆم لەم درەختە وەرگرت و دە ساڵ چاوەڕوان نەبووم."

پاشا ئەم وەڵامەی پیرەمێردیشی بەدڵ بوو و مووچە و مەزرای پێ بەخشی، ئەوەندەی کە پیرەمێرد لەماڵی دنیا بێ منەت بوو.

*"عەتاری نەیشابووری، ئیلاهی نامە"*

زانایەك وتی: هاوڕێی راستگۆ لەگەڵ تۆدا پەیوەندی ڕۆحانی هەیە و خزم، پەیوەندی جەستەیی هەیە.

## هاوڕێی وەفادار

"ئەبوحامدی دۆستان" لەگەڵ هاوڕێیەکیدا بەڕێدا دەڕۆیشت. هاوڕێکەی وتی:

"ناسیاوێکم لێرە هەیە، تۆ لێرە بمێنەوە تاکو کارەکەم تەواو دەبێت."

ئەو ڕۆیشت و ئەبوحامد دانیشت. هاوڕێکەی ئەو شەوە نەهاتەوە و بەفرێکی قورس باری. ڕۆژی دواتر ئەو پیاوە هاتەوە. ئەبوحامد لەناو بەفردا دەجووڵا و بەفری لەسەر دەڕژا.

ئەو پیاوە وتی: ئەبوحامد تۆ هێشتا لێرەیت؟

ئەبو حامد پێی وت: "ئەرێ، ئەی تۆ نەتووت لێرە بە؟ ئەمە وەفای منە بۆ هاوڕێکەم!"

*"جامی، نفحات الانس"*

## باشترین و خراپترین کەسی بەنی ئیسرائیل

شێخ (ابوسعید ابوالخیر) وتی: وەحی هات بۆ موسا... کە بە بەنی ئیسرائیل بڵێ باشترین کەس هەڵبژێرن. سەد کەسیان دەستنیشان کرد. وەحی هات کە لەم سەد کەسە باشترینیان هەڵبژێرن. دە کەسیان هەڵبژارد. وەحی هات کە لەم دە کەسە، سێ کەسیان هەڵبژێرن. سێ کەسیان هەڵبژارد. وەحی هات کە لەم سێ کەسە باشترینیان هەڵبژێرن. یەکیان هەڵبژارد. وەحی هات کە بەم تاکە کەسە بڵێن تاکو خراپترین کەسی بەنی ئیسرائیل بهێنێت. ئەو چوار رۆژ مۆڵەتی خواست و بە دەوری دنیادا دەگەڕا بۆ ئەوەی کەسێک هەڵبژێرێت.

رۆژی چوارەم لەکۆڵانێکەوە دەرۆیشت، پیاوێکی بینی کە بە گەندەڵی و داوێنپیسی دەناسرا و، هەموو چەشنە کردەوەیەکی نەشیاوی ئەنجام دەدا، بەشێوەیەک کە خەڵکی بە پەنجە ئاماژەیان پێ دەکرد، وێستی ئەو لەگەڵ خۆیدا بەرێت، بیرێک بەمێشکیدا هات کە نابێت لەسەر رواڵەتی مرۆڤ حوکم بکرێت، با ئەویش وەکو مرۆڤ پلە و پێگەیەکی هەبێت. ناتوانم بەوتەی خەڵک ئەو بە سووک و کەموکورت

لەقەڵەم بدەم و ئێستا کە خەڵکی منیان هەڵبژاردووە ناتوانم لەخۆبایی بم. چونکە هەرچی بیکەم، لەڕووی گومانەوە دەبێت، باشتر وایە ئەو گومانە لەخۆم بکەم. گەڕایەوە لای موسا و وتی: "هەرچی سەیرم کرد لەخۆم خراپتر کەسم نەبینی. وەحی هات بۆ موسا کە ئەو پیاوە باشترینیانە، نەك لەبەر ئەوەی کە خواپەرستە، بەڵکو لەبەر ئەوەی خۆی بە خراپترین کەس دانا.

*"محمد بن منصور، اسرارالتوحید"*



# ٢

# بەدڕەوشتی و ڕەوشت بەرزی

## (تەندروستی دەروونی)

## حەزرەتی ئادەم لەبەرامبەر شەش پەیکەردا

حەزرەتی ئادەم(ع) ڕۆژێکیان بینی لەناکاو، سێ پەیکەری ڕەش و ناشیرین لەلای چەپییەوە دەرکەوتن و سێ پەیکەری نوورانیش لەلای ڕاستیەوە. پرسیاری لەپەیکەرەکانی لای ڕاستی کرد، ئێوە کێن؟

یەکەمیان وتی: من "عەقڵ"م. دووەمیان وتی: من "شەرم"م. سێیەمیان وتی: من "بەزەیی"م.

ئادەم(ع) پرسی: "شوێنی ئێوە لەکوێیە؟"

یەکەمیان وتی: "لە سەری مرۆڤەکاندا"، دووەمیان وتی: "لەچاوی مرۆڤەکاندا" و، سێیەمیان وتی: "لەناو دڵی مرۆڤەکاندا".

ئادەم(ع) گەڕایەوە لای چەپی و پرسیاری لەپەیکەرە ڕەش و ناشیرینەکان کرد: ئێوە کێن؟

یەکەمیان وتی: من "تەکەبور"م. حەزرەتی ئادەم وتی: "شوێنی تۆ لەکوێیە" وتی: "لە سەری مرۆڤەکاندا"

ئادەم فەرمووی: "ئەی سەر شوێنی عەقڵ نییە!"

تەکەبور وتی: "ئەگەر من بچمە ناو سەرەوە، عەقڵ دەچێتە دەرەوە."

لەدووەمیانی پرسی: "تۆ کێیت؟" وتی: من "تەماح"م.

فەرمووی: "شوێنی تۆ لەکوێیە؟" وتی: "لەناو چاوی مرۆڤەکاندا"

فەرمووی: "شەی چاو شوێنی شەرم نییەا"

تەماح وتی: "ئەگەر من کەوتمە ناو چاو، شەرم دەڕوات."

لەسێبەمیانی پرسی: "تۆ کێیت؟"

وتی: من "ئیرەیی"م.

فەرمووی: "شوێنی تۆ لەکوێیە؟"

وتی: "شوێنی من لەناو دڵی مرۆڤەکاندایە."

فەرمووی: "ئەی دڵ شوێنی بەزەیی نییە!"

ئیرەیی وتی: "ئەگەر من بچمە ناو دڵی مرۆڤەوە، ڕەحم و بەزەیی لەناو دڵیدا نامێنێت".



ئەوەی چاکەکانی خۆی ببینێت، تووشی دێتنی خراپەکانی خەڵک دەبێت و ئەوەی کەموکوڕی خۆی ببینێت چیتر دوای کەم وکوڕی خەڵک ناکەوێت.

*"محفوظ بن محمود"*

## راکردن لەخود

لەبارەی راکردنی مرۆڤ، کاتی بینینی سیفەتی خراپی خۆی، پرسیاریان لەمەولەوی کرد. مەولەوی وتی/ فیلێکیان هێنایە سەر کانییەک بۆ ئەوەی ئاو بخواتەوە. خۆی لەئاوەکەدا دەبینی و رایدەکرد. فیلەکە وایدەزانی کە لەیەکی تر رادەکات، نەیدەزانی کە لەدەست خۆی رادەکات.

هەموو رەوشتێکی خراپ، لەستەم و رق_ەوە بگرە تاکو ئیرەیی و تەماح و بێ بەزەیی و خۆپەرستی، کە لەناخی خۆتدا هەیە بێزارت ناکات، بەڵام کاتێک لەکەسێکی تردا دەیانبینی، رادەکەیت و بێزار دەبیت.

*"مولوی، لیه مالیه"*

# نەفسی خۆت بکوژە

ماوەیەك نەمتوانی بەشداری بکەم لەکۆڕی شێخ نەبوسەعید و، زۆر بەداخەوە بووم لەوەی کە بێ بەش بووم لەسوودەکانی دانیشتن لەگەڵ شێخ دا.

کاتێك لەمەیمەنە (شارێکی دێرینە لەئێران) گەیشتمە خزمەتی شێخ، وتی:

"ئەی عەبدولسەمەد!" داخی ئەوەت لەدڵدا نەبێت، ئەگەر دە ساڵیش لای ئێمە ئامادە نەبیت، چونکە جگە لەم قسەیە هیچی تر ناڵێینەوە و ئەویش ئەمەیە:

"نەفسی خۆت بکوژە و هیچی تر."

*"شێخ عەبدولسەمەد سۆفی سەرەخسی"*

سەبرکردن تاڵە، بەڵام میوەیەکی
شیرین و پرسوودی هەیە.
"مەولەوی"

## رازی بارسووکی

دوو هاوڕێ بەیەکەوە لەگوندێکەوە بەرەو شار دەڕۆیشتن و هەریەکە و سەبەتەیەك پڕلەمیوەی بەسەر شانەوە بوو. یەکیان بەسەبر بوو و ئەوی تر بێ سەبر و بێزار، ئەمەیان بەردەوام گلەیی لەقورسی بارەکەی دەکرد و دەینالاند. ئەویان دەم بەپێکەنین و خەرامان دەڕۆیشت و خەریکی گاڵتە و گەپ بوو.

هاوڕێی بێ سەبر و بێزار وتی: "براکەم، وێڕای ئەوەی کە دەزانم بارەکەی تۆ لەباری من سووکتر نییە و لەمنیش بەهێزتر نیت، هۆی خەندە و خۆشحاڵی تۆ چییە؟

وتی: "بۆ من، گیایەکم لەسەر سەبەتەکەم داناوە کە بار سووك دەکات و لەهەڵگرتنی بارەکەدا هێزم پێ دەبەخشێت."

کاتێك هاوڕێکەی ئەم قسەیەی بیست، زۆر سەرسام بوو و وتی: "چی دەبێت گەر منەت بکەیت و هەندێك لەو گیایە بەمنیش بدەیت."

وتی: "کاکی بۆ، ئەم گیایە کە بار سووك دەکات و هێز و وزە دەدات بە بارهەڵگر، ناوی "سەبر"ە."

## سەبر چییە؟

ئەبو حەسەن نوری، پیرێکی بینی لاواز و بێ هێز، کە و ئەویش بە سەبر بوو. دواتر بردیان بۆ زیندان.

چوو بۆلای و پرسی:

ئەی پیرەمێرد! تۆ کە وەها کز و لاوازی چۆن سەبرت گرت بەرامبەر بەو ؟

پیرەمێرد کەمێك تێڕاما و وتی: "ڕۆڵە/ بەڵێ کە هات بەهیمەت بەرامبەری دەوەستمەوە نەك بە جەستە./"

ئەبو حەسەن لێی پرسی:

"سەبر بەلای تۆوە چییە؟"

پیرەمێرد لەوەڵامدا وتی:

/"ئەوەی کە لەکاتی هاتنی بەڵادا، وا دەکات وەك ئەوە بیت کە بەڵات لێ دوور بووبێتەوە!"/

"تذکرة الاولیا"

# بوێری

دەگێڕنەوە، مشکێکی ترسنۆک، داوای لەسیحرباز‌ێک کرد هێندەی پشیلە گەورەی بکات، تاکو مەترسی پشیلەی لەسەر لاچێت، بەڵام نەک تەنها لەبەرگی پشیلەدا، بەڵکو لەهەیبەتی سەگ و پڵنگ و شێر-یشدا ترسی پشیلەی لەسەر لانەدەچوو. سیحرباز پێی وت:

/"جا سوودی چییە؟ هەتا دڵی مشکێك لەسنگتدا بێت، بەرگی گورگ و گا و شێر و پڵنگ-یش بەکەڵکی تۆ نایەت./

/ ئەگەر پڵنگی بیابان بیت یان نەهەنگی دەریا، گەر لەبەرگی شێر یان گورگدا بیت، کاتێك دڵێکی پڕلەترس لەسنگتدا لێدەدات، سوودی چییە؟ کە هەر کات و ساتێك، نەك جارێك بەڵکو سەدان جار مەرگ بەچاوی خۆت دەبینیت."/

خووی باش ئەوەیە کە کەس نەڕەنجێنیت
و ڕەنج بچێژیت بەبێ ڕك و کین.
"تذکرة الاولیا"

## خووی باش

پیاوێکی زل و کەتەی بالاڵبەرز کە دەموچاوێکی خاراوی هەبوو و لێدان و کوتانەکانی گۆڕەپانی شەڕ، گۆشەی چاوی هەڵدڕیبوو و لەسەر ڕوخساری یادگاری جێهێشتبوو، قورس و قایم هەنگاوی دەنا و بەناو بازاڕی کوفەدا تێدەپەڕی.

لەلایەکی ترەوە پیاوێکی کاسب کە لەدوکانەکەی خۆی دانیشتبوو، بۆ ئەوەی هاوڕێکانی بهێنێتە پێکەنین، مشتێك زبڵی هەڵدایە بەردەم ئەو پیاوە. کابرای ڕێبوار بەبێ ئەوەی گرژی بکەوێتە ناوچاوانییەوە و وەڵامێك بداتەوە، بەهەمان شێوە قورس و قایم هەنگاوی دەنا و لەسەر ڕێی خۆی بەردەوام بوو.

لەگەڵ دوورکەوتنەوەی یەکێك لەهاوڕێکانی کابرانی دوکاندار پێی وت: "ئەو ڕێبوارەت دەناسی کە وا سووکایەتیت پێ کرد؟!"

"نا نەمناسی! ڕێبوارێك بوو وەك هەزاران ڕێبواری تر کە ڕۆژانە لەبەر چاوی ئێمەوە تێدەپەڕن، بۆچی ئەو پیاوە کێ بوو؟"

– سەیرە! نەتناسی؟! ئەو ڕێبوارە هەمان فەرماندە و سوپاسالاری بەناوبانگ، "مالکی نەشتەر" بوو.

- "سەیرە! ئەو پیاوە مالکی ئەشتەر بوو؟! ئەو مالکەی کە دڵی شێر لەترسانی دەبێت بەئاو و ناوی لەشی هەموو دوژمنێک دەخاتە لەرزین؟"
- "بەڵێ، مالك، خۆی بوو."
- "ئای بەحاڵی من! ئەمە چ کارێک بوو من کردم؟ ئێستا فەرمان دەدات بەسەختی سزام بدەن. هەر ئێستا دەچم لێی دەپارێمەوە بەڵکو لێم خۆش بێت."

بەرەو لای مالکی ئەشتەر کەوتە ڕێ. بینی ئەو بەرەوڵای مزگەوت لایدا. بەدوایدا ڕۆیشت بۆ مزگەوت، بینی کە دەستی بە نوێژ کرد، چاوەڕێی کرد تا سڵاوی نوێژەکەی دایەوە. ڕۆیشت و بەزەلیلی خۆی ناساند و وتی: "من هەر ئەو کەسەم کە نەزانیم کرد و بێ ڕێزیم بەرامبەر بە تۆ نواند."

/ مالك وتی: "بەڵام سوێند بەخودا، من لەبەر تۆ هاتم بۆ مزگەوت، چونکە تێگەیشتم تۆ زۆر نەزان و سەرلێ شێواویت، بەبێ هۆ نازاری خەڵك دەدەیت، دڵم بۆت سووتا، هاتم دوعات بۆ بکەم و داوا لەخوداوەند بکەم ڕێی ڕاستت پیشان بدات. نا، من ئەو نیازەم نەبوو کە تۆ بیرت لێ کردۆتەوە". /

*"داستانی ڕاستان"*

هونەر ئەوە نییە کە لەمیسرەوە بچیت بۆ بەغدا. هونەری جوامێران زاڵبوونە بەسەر نەفسدا.

## تووڕەیی

دەگێڕنەوە کە لای پێغەمبەری خودا(ص) وەسفی پیاوێکیان دەکرد کە گوایە پیاوێکی گەورە و بەهێزە.

وتی: "چۆن؟"

وتیان: "لەگەڵ هەرکەسێکدا زۆرانبازی بکات پشتی لەزەوی دەدات و دەرەقەتی هەموو کەس دێت."

پێغەمبەر وتی: "پیاوی گەورە و بەهێز ئەو کەسەیە کە دەرەقەتی تووڕەیی خۆی بێت نەوەک پشتی کەسێکی تر لەزەوی بدات."

*"محەمەد غەزالی، نصیحەالملوك"*

# راستگۆیی

دەگێڕنەوە کە زانای بەناوبانگ، "بایزید بەستامی"، کاتێک دەیویست بۆ خوێندنی زانست بچێت بۆ بەغدا، دایکی رایسپارد بەوەی کە لەهەموو بوارێکی ژیاندا راستی و راستگۆیی فەرامۆش نەکات و، هەرگیز درۆ نەکات و داوای لێکرد بەڵێن بدات کە راسپاردەکەی لەیاد نەکات.

بایزید قبووڵی کرد، دایکیشی چل دیناری پێدا بۆ خەرجی سەفەرەکەی، کە هەموو میراتی باوکی بوو.

بەستامی تێکەڵ بەو کاروانە بوو کە بەرەو بەغدا دەڕۆیشت، پاش بڕینی مەودایەک گروپێک چەتە ڕێگەیان لێگرتن و دەورپێچ و تاڵانیان کردن. دواتر دەستیان کرد بەپشکنینی تاکەتاکەی کاروانەکە و دارونەداریان لێ سەندن، کاتێک نۆرەی بایزید هات، یەکێک لەدزەکان وتی: "پێناچێت هیچی پێ بێت. جلەکانی کۆن و دراون و نەگەر هەیبوایە کەمێک بەخۆی رادەگەیشت." دزەکەی تر وتی: "هۆی کوڕە، با خۆمان بەتۆوە سەرقاڵ نەکەین. ئایا هیچ پول و پارەیەکت پێیە؟"

بایزید وتی:

"بەڵێ"

دزەکان لەقاقای پێکەنینیان دا.

یەکیان پرسی:

"پارەکەت چەندە؟"

بایزید وەڵامی دایەوە:

"چل دینار"

دزەکان پێیان رابوارد. یەکیان وتی: "وازی لێ بهێنن، کاتی خۆتان لەگەڵیدا بەفیڕۆ مەدەن. گەورەمان چاوەڕێمانە."

دزەکان گەڕانەوە لای سەرۆکەکەیان، ئەویش پرسیاری لێکردن:

"ئایا هەموو سەروماڵی کاروانەکەتان هەڵگرت و باش پشکنیتان؟"

دزەکان چیرۆکی بایزیدیان بۆ سەرۆك گێڕایەوە. سەرۆکی دزەکان وتی:

"ئەو کوڕە بهێنن بۆ لام، با بزانم بۆچی وای وتووە."

دزەکان، بەستامی-یان هێنایە لای. لێی پرسی:

"ئایا هیچت پێیە کوڕە؟"

- "بەڵێ، چل دینارم پێیە."
- "ئەرێ تۆ شیت بوویت کوڕە؟ چۆن پارەکەی خۆت ئاشکرا دەکەیت؟ و بەدەستی خۆت دەیدەیت بە من، دەزانی کە من لێت وەربگرم نایدەمەوە پێت؟"
- "من بەڵێنم داوە کە هەرگیز درۆ نەکەم و ئامادە نیم ئەو بەڵێنە بشکێنم."
- "لاحول ولا قوه الا بالله. سوێند بەخودا ژیانمان لەمونکەرات و ئازاردانی خەڵکدا فەوتاند و تۆی گەنج، دەترسیت کە بەڵێنی خۆت بشکێنیت، ئێمەش ناترسین کە بەڵێنی خودا دەشکێنین، سوێند بەخودا چیتر دەست بۆ دزی و چەتەگەری نابەم و

لـەدەرگا خوداوەنـد تۆبـە دەکـەم، بـەڵکو خـودا بمبەخـشێت و تۆبەکەم قبوڵ بکات."

دزەکان پاش بیستنی وتەکانی سەرۆکەکەیان وتیان:

"ئێمە لەتاوانکاریدا پەیڕەوی تۆ بووین، کەوابوو لەتۆبە کردنیشدا تۆ بە تەنیا ناهێڵینەوە، ئینجا هەروەک لەچەتەگەریدا گەورەمان بوویت لەگەڕانـەوە بـۆ خوداوەنـدیش هـەر گـەورەمانی و ئێمـەش چـیتر دزی ناکەین."

دزەکان هەرچی دزیبوویان گەڕاندیانەوە بۆ کاروانەکە و سەروماڵی خـەڵکیان بـۆ گەڕاندنـەوە و تۆبـەیان کـرد. کاروانەکـەش ڕێـی بەغـدای گرتەوە بەر.

## سێ کوژراوی تەماح

لەسەردەمی عیسا(ع)، سێ پیاو بەڕێیەکدا دەڕۆیشتن. تووشی خەزێنەیەك بوون، وتیان: "یەکمان بڕوات و خواردنمان بۆ بهێنێت. یەکیان نارد. ئەو پیاوە رۆیشت و خواردنی کڕی. بەخۆی وت: "دەبێت ئەم خواردنە ژەهراوی بکەم تاوەکو ئەوان بیخۆن و بمرن و خەزێنەکە بە من بگات."

دووانەکەی تر وتیان: "کاتێك ئەو پیاوە بگەڕێتەوە و خواردنمان بۆ بهێنێت، بیکوژین تاوەکو خەزێنەکە بە ئێمە بگات."

کاتێك ئەو هاتەوە و خواردنی ژەهراوی بۆ هێنان، دووانەکەی تر کوشتیان، پاشان خواردنەکەیان خوارد و هەردووکیان مردن.

عیسا(ع) لەگەڵ حەوارییەکانی لەوێ تێدەپەڕی، وتی: "سەیر بکەن چۆن هەرسێ پیاوەکە لەبەر ماڵی دونیا کوژراون و، هەرسێکیشیان لێی بێ بەش بوون.

## هەردووکیان هی منن

دوو کەس لەسەر پارچە زەوییەک مشتومڕیان بوو.
هەریەکەو دەیووت: "هی منە."
چوون بۆلای عیسا(ع).
عیسا(ع) وتی: "زەوییەکە شتێکی تر دەڵێت."
وتیان: "چی دەڵێت؟"
وتی: "دەڵێت هەردووکیان هی منن."

* * *

شێخ ئەبوبەکری واستی ڕۆژێک دەچێت بۆ نەخۆشخانەیەک. چاوی بەشێتێک دەکەوێت کە هایت و هووپت دەکات و دەقیژێنێت، پێی وت:
"ئاخر ئەو زنجیرە قورسەیان لەپێت بەستووەتەوە. ئەم دڵخۆشییەت لەچییە؟"
شێتەپیاو وتی: "هەی بێ ئاگا! هەی بێ ئاگا!" زنجیر لەپێم بەستراوە نەک لەدڵم.

"عطار، تذکرة الاولیا"

# تەماح

پیاوێکی راوچی داوی داناو چۆڵەکەیەکی راو کرد. چۆڵەکەی وەقسەهات و وتی: "چیت لەگیانی من دەوێت؟! بڕوانە لە باڵ و پەڕو گۆشتی من؟؟؟ ئەوەندە کز و لاوازم کە تۆ تێر ناکەم. ئەگر ئازادم کەی، سێ پەندی گرانبایید ئەدەمێ. پەندێکت کاتێك پێت ئەڵێم کە لە دەستت دام. پەندی دوەەم لە سەر لەقی دارێك پێت ئەڵێم و پەندی سێیەمیش کاتێك کە لە سەر لوتکەی کێو دانیشتووم."

راوچی قبوولی کردو وتی: "یەکەم پەندەکەت بڵێ!"

چۆڵەکە وتی: "یەکەمین پەندم ئەوەیە: قەت داخ و سوێی شتێك کە لە دەس داوە مەخۆ!"

راوچی بەڵێنەکەی بەدیهێناو ئازادی کرد.چۆڵەکەکە بازێکی داو چو سەر لەقی دارێك و وتی:"پەندی دووەەم ئەوەیە: بڕوا بە هیچ قسەیەکی دوور لە راستی مەکە!"

ئەوەی وت و بۆڵای کێو چوو. لە کاتی فڕین دا وتی: "هەی پیاوی چارەڕەش، لە چیکڵدانەی من دو گەوهەری گرانبایی تێدایە بە کێشی چل مسقاڵ. گەر منت کوشتبایە، دەبوی بە خاوەنی گەوهەرەکان، هەڵمەکی گەورەت کرد!"

راوچی پەژار بووەو بۆ ئەم گەوهەرانەی کە لەدەسی دابو خەفەتی زۆری خوارد. دواتر بە چۆڵەکەی وت: "راوەستە هێشتا پەندی سێیەمت پێ نەوتوم!"

چۆنەکە وتی: "چۆن پەندی سێیەمت پێ بڵێم لە کاتێکدا تۆ نەتوانیوە دوپەندی پێشو جێبەجێکەی؟! بە تۆم وت قەت داخ و سوێی شتێك کە لە دەس داوە مەخۆ، بەڵام تۆ سەبارەت بەوەی کە منت لە دەس داوە خەفەت نەخۆی. بە تۆم وت بڕوا بە قسەی دورلەراستی مەکە، بەڵام تۆ بڕوات بەو قسەی من هێنا کە وتبووم، لە چیکڵدانەکەم دو گەوهەری چل مسقاڵی تێدایە. بۆ وا گەمژەیت؟ سەرجەم کێشی من دو مسقاڵ نابێ! چۆن دەتوانم لە چیکڵدانەکەم گەوهەری چل مسقاڵیم هەبێ؟"

چۆنەکە نەوەی وت و چوو راوچێکەش بە داخ و نۆڤێکی زۆر نەڕوانی لێی کە چۆن خەریکە دور نەبێتەوە.

*"نەتار نێیشابوری، ئیلاهی نامە"*

تێبینی: ئەو مەتەڵەیان بۆیە وتووە تاکو دەرکەوێ تەماح چۆن چێنەبێ، مرۆڤ بڕوا بە گشت شتی مەحاڵ دەکا.

# چ کەسێك هەژارە؟

پیاوێك بە ئیبراهیمی ئەدهەم وتی:

"ئەرێ کوڕی ئەسهاق دەمهەوێ ئەو پارچەیەت بدەمێ و جل و بەرگێك بۆ خۆت چێبکەیت."

ئیبراهیم وتی: "گەر هەژار نەبی لێتی وەرئەگرم بەڵام ئەگەر بی وەریناگرم."

وتی: "من بێنیازم"

ئیبراهیم وتی: "چیت هەیە؟"

وتی: "دوهەزار دینار"

ئیبراهیم وتی: "دەتهەوێ ببێتە چوارهەزار دینار؟"

وتی: "بەڵێ"

وتی: "کەوایە تۆ هەژاری، پارچەی تۆ قبوڵ ناکەم"

## ئەوەش ویستنە

گێڕایانەتەوە کە ئەبوبەکری شەبەلی وتبووی:
"ئەوەم دەوێ کە نەمهەوێ!"
ئەبولحەسەنی خەرەقانی ئەو قسەی کە بیست، وتی:
"ئەوەش ویستنە."

*"نفحات الانس"*

## سەربەستی و نازادی

ڕۆژێک لە بازاڕی کوێلە فرۆشانی بەغدا، ئاگرێک کەوتەوە گەلێک کەس سوتان.

لە ناو دوکانێکدا دو منالی هژمە"خولام" ی ڕۆمی بون کە ئاگرەکە دەوری دابوون. خاوەنەکەیان وتی:

هەر کەس ئەوان ڕزگارکا، هەزار دیناری مەخربی ئەدەمێ. کەس نەیوێرا ئەو کارە بکا.

لە ناکاو ئەبوالحەسەنی نوری بەسەردا هات و بینی ئەو دو منالە هاوار ئەکەن، وتی:

"بسم الله الرحمن الرحیم" و خۆی بە ئاگرەکە داداو هەر دو منالی بە سلامەتی هێنادەرەوە، خاوەنی دو هزمەکە هەزار دیناری مەخربی دا بە کابرای بوێرو وتی:

"پیاوەکە، تۆ توانیت ئەوان رزگار کەیت هەر بۆیە ئەم دینارانە پاداشتی فیداکاری تۆیە."

/ئەبولهەسەنی رۆمی روانییە خاوەن هزمەکان و زۆر بە هێمنی پێی وت: ئەو دینارانە لابەو شوکری خواکە چونکو ئەو پلەوپایەی کە بە منیان داوە لە وەرنەگرتن پێیان داوم/

*"عطار، تذکرة الاولیا"*

بەرزترین پلەی خەڵکی هەقیقەت دۆز
بڕان لە خواستەکانیانە.

*"ابوالحسن نوری"*

## نیازو بێنیازی

پاشایەك تووشی گێچەڵیك بوو، وتی: ئەگەر بە ئاکامێکی دڵخواز بۆ من تەواو بێ، گەلێ درەم ئەدەم بە خەڵکی بە ئیمان، نیازەکەی بەدیهات و پێویست بوو پەیمانەکەی جێبەجێ بکات. هەر بۆیە تووڕەکەیەك درەمی دابە یەکێك لە فەرمانبەرانی تاکو لەنێوان خەڵکی بە ئیمان دابەشی بکات.

دەگێڕنەوە هۆمە"خولام" کە ژیر و وریا بوو و تەواوی ڕۆژ گەڕاو شەو هاتەوە بۆلای پاشاو تووڕەکەی درەمەکانی پێدایەو وتی:

"خەڵکی بە ئیمانم نەدۆزییەوە".

وتی: "ئەوە چ بەزمێکە، ئەوەندەی من دەزانم لەم شارە چوارسەد بەئیمانی تێدایە."

وتی: "ئەی خوای هەمو جیهان/ ئەوەی بە ئیمانە نایهەوێ، ئەوەی دەیهەوێ بێ ئیمانە/"

"سەعدی"

/له هەر خەسڵەتێکدا سەرکەوتم جگە لە
هەبیسی کە هەبیس بوون واتە تەرکی
مەیلی دنیا، دنیاش لای من بایەخێکی
نەبوو تاکو تەرکی کەم و سەرکەوم/
*"بایزید بستامی"*

## ئەسکەندەر و دیوژەن

ئەسکەندەری مەزن، فیلسووفی سەردەمی خۆی "دیوژەنی" بانگهێشتی کۆشکی خۆی کرد،

فیلسووف بەناوبانگ بۆ چوون بیانوی هێناوە.

هۆیەکەیان لێپرسی

بە پەیامنێرەکەی وت:

"بڵێ بە ئەسکەندەر، هەمان شت کە ناهێڵێ تۆ بیت بۆ مانی من "پاشایەتی و بێ نیازی"، هەمان شتیش "قەناعەت و بێ نیازی" ناهێڵێ من بێم بۆ کۆشکی تۆ.

/ لەنێوان بەندەو خوا، ئاسمان و زەوی،
ئەرش و کورسی پەچە نییە، پەچە، خەیاڵی
پووچ و بەخۆڕشین و لەخۆبایی بوونە،
ئەو کۆسپانە لادە ئەگەی بە خوا./

*"ابوسعید ابوالخیر"*

## پەچەی خۆبینی

لە "شەبەلی" خواناسی بەناوبانگ پرسیاران کرد: "هەی شێخ لە کەیوە ڕووت هێنا بە ئیمان و خواپەرستی؟"

وتی: "ڕۆژێک لە گەڕەکێک تێپەڕ ئەبووم کە لە قراخ جوگەلەیەک سەگێکم بینی. ئەو ئارەزۆ دەیهەویست ئاو بخواتەوە، بەڵام کاتێک کە ڕێنەی خۆی لەناو ئاوەکەدا بینی وای زانی سەگێکی تر لەناوەکەدایە، هەر بۆیە دەترساو پاشەکەشی دەکرد.

ئەو هات و چۆ کردنە کارۆمێرێکی خەیاند. لە ئاکام دا سەگ سەری کردە ناو ئاوەکەو زانی کە سەگیتر لە ئارادا نییەو ئەو کۆسپەی کە نەیدەهێشت ئاو بخواتەوە هەر خۆی بوو.

بە بینینی ئەم دیمەنە تێگەییشتم کە پەچەو کۆسپی من بۆ گەییشتن بە بەختەوری و کامەرانی خوبینی خۆمە، کەوایە لەمەوبەدوا بریارم دا کە خۆبین نەبم و هەر بیر لە خۆم نەکەمەوە تاکو بتوانم ڕێگای بەختەوری بدۆزمەوە."

لە ئەبولحەسەنی خوراسانی سەبارەت

/بـــە دڵپاکی پرسیاران لێکرد، وتـی:
نیازپاکـی لـە کـردەوەکانمان کاتێك
دەردەکەوێ کە مرۆڤـ تەنیا بۆ خوای
کـردبێ./

*"دکتۆر نوربەخش، پیرانی خوراسان"*

## نیازی پاك

بازرگانێـك لـە نێیـشابوور بـوو کـە خـاوەنی مـاڵ و سـامان و قەرەواشێکی "کەنیز" جوان و ناسك بوو.

تووشـی سـەفەرێك هـات، هـەر بۆیـە قەرەواشـەکەی بـردە مـاڵی کابرایەکی بە ئیمان تاکو بە ئەرخەیانی بڕوات بۆ سەفەر.

رۆژێکی کابرای بە ئیمـان سـرنجی چـوو لای جـوانی قەرەواشـەکەو دڵـی رفانـد. کاتێك کـە ویـستی لەگـەڵی رابـوێرێ، تێفکـری و بـە خۆیی وت، ئەی هاوار ئەو هەموساڵە نوێژو رۆژووت گـرت ئێـستاش گیرۆدەی هەوەس بوویت؟

کابرای بە ئیمان چوو بۆلای ئیماندارێك کە لەخۆی بەئیماندارتری دەزانی و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕاوە.

ئیماندارەکە پێی وت: "براکەم تۆ پێویستیت بە سەفەرێکە تاکو بە خزمەتی کەسانی خاوەن بیروڕا بگەیت و ئەو هاڵەتە لە دڵت بسرێتەوە. هەربۆیە بچۆ بۆ شاری "رێی" بۆ لای شێخ یوسف.

کابرای بە ئیمان چوو بۆ رێی و بەدوای ماڵی شێخ یوسف گەڕا.

خەڵکی ڕێی پێیان وت ئەو پیاوێکی بێئەخلاق و لە ڕێی خوا دەرچووە.

کەوای بیست کابرای بەئیمان گڕایەوە بۆ نیشابوورو هەقایەتی شێخەکەی بۆ ئەو ئیماندارە گێڕایەوە، ئیماندار پێی وت: "براکەم گوێڕایەڵی قسەی خەڵك مەبەو بچۆ بۆلای شێخ."

کەوایە گەڕایەوە بۆ ڕێی و دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد. هەرچی خەڵکی ڕێی پێیان وت کە ئەو کابرایەکی بێ دین و بێ ئەخلاقە، گوێڕایەڵی خەڵکی ڕوالەتبین نەبوو و چوو بۆ هەر ئەو گڕەکەی کە شێخی لێبوو، بینی بە زۆرینەی خەڵك لەو گەڕەکە بێ دین و بێ ئەخلاقن.

کابرای بە ئیمان لە دڵی خۆیدا وتی، ئەو قسەگەلەی کە خەڵك سەبارەت بە شێخیان دەوت ڕەنگە ڕاست بێ.

تاکو گەیشتە خزمەتی شێخ، بینی لاوێکیش لە ماڵەکەیێتی، کابرا واقی بردبۆوە، بوتڵە شوشەیەکیشی بینی وایزانی شەرابە.

وتی: "بەڕێز شێخ بۆ هاتویتە ئاواگەڕەکێك کە خەڵکەکەی بە زۆرینە بێ ئەخلاق و بێ دینن؟"

شێخ لەرمووی: "ئێمە نەهاتوین بۆ ئەم گەڕەکە بەڵکو ئەو خەڵکە هاتون بۆ ئێرەو منیش دەسەڵات و هێزی ئەوەم نییە کە دەریانکەم."

وتی: "ئەو بوتڵە شوشەیە چی تێدایە؟" لەرمووی: "بڕوانە" کە تامی کرد زانی سرکەیە.

پرسیاری کرد "ئەو کوپە کێیە؟" وتی: "منداڵکەمە" وتی: "ئەی شێخ خەڵك بۆچی سەبارەت بە تو قسەی هەڵیت و پەڵیت ئەڵێن؟"

/ شێخ فەرمووی: "براکەم چ زیانێکی هەیە، با بیڵێن، کۆتاییکەی ئەوەیە کە هەبیسیم"زەهدی" لە ناو خەڵکی دەنگ ناداتەوەو بە بۆنەی پەرستەر بوونم ناوبانگ دەرناکەم و خەڵکی کەنیزەکەی بە من ناسپێرێو منیش شێت و شێێدای جوانی ئەو نابم و شار بە شار بەدوای شێخ یوسف دا ناگەرێم." /

کاتێک کە کابرای بەئیمان بەسەرهاتی خۆی لەزاری ئەو بیست، تێگەییشت کە ئەو پیاوێکە لە دنیاو روالەت تێپەڕبووەو دڵی لەگەڵ هەزرەتی گەورەیە"خوا". لەم ساتە تونێڵی پڕ بوو لە ئارەقی شەرم و هەیاو بای ئەڤین لەسەری چوودەرەوەو بە ئیرادەیەکی بەهێز دەستی کرد بە پرستن و بەندەیی کردن. ماوەیەکیش لای شێخ خزمەتی کرد تاکو بە پلەی بەرزتر بگات.

گەر کەسێك بە تۆ بڵێ: تۆ مرۆڤێکی باشیت، ئەو قسەیە تۆ خۆشاڵ دەکا، کەسێکیش پێت بڵێ مرۆڤێکی خراپی، بزانە کە هێشتا مرۆڤێکی خراپی.

*"ئەبوهاشم سۆفی"*

## سکاڵا لە ئیرادگرەکان

هەڵسوڕاوێك لە خوا دڵۆقانێتی خوا بەریکەوت و رێگەیان پێدا بێتە ناو کۆڕی خواناسان و خووخدەی ناهەز وەلانێت و فێری خووخدەی جوان و شیاو بێت.

کاتێك کە ئەو لەوێنەدەبوو ئیرادگەرەکان بەردەوام لە خراپی ئەویان دەوت و رایان دەردەبڕی کە ئەو هێشتا نەگۆڕاوەو هەر وەکو جارانە و ناتوانێ بڕوای پێبکەین کە بۆتە هەبیس.

کابرا بەرگەی تان و تەشەری خەڵکی نەگرتوو، بۆلای پیاوچاکێك چوو تاکو لە ئیرادگرەکان لای ئەو گلەیی بکات.

پیاوچاك وتی: "چۆن شوکری خوا ناکەی چونکە تۆ لەوەی خەڵك باسی دەکەن باشتری؟"

/باش بیت و خراپەت بڵێن لەوە باشترە خراپ بیت و باشەت بڵێن نابینی خەڵك من بە باش دەزانن لەکاتێکدا تاوانبارم؟ ئەشێ من خەمبار بم تۆ بۆچی؟ /

کەسێك لە ئەبول ئەباسی مەسروقی
ئامۆژگارێکی ویست، وتی/ تێبکۆشە
ئەگەر هەق بین نیت، با خۆبینیش
نەبیت./

## خۆپەسەندی

خوای گەورە بەهەزرەتی موسا(د.خ) فەرمود:
"ئەی موسا داوای نەهێنییەك"راز" لە ئیبلیس بکە!
ئەو قسەیە لەپیری موسا مایەوە تاکو ئیبلیسی بینیو پێی وت:
خوای گەورە بە منی فەرمود: تا داوای نەهێنییەکت لێکەم،
ئەو نەهێنییە بە من بڵێ.
ئیبلیس وتی:
"هەی موسا! ئەو قسەیەت لەپیر بمێنێ کە:
"من" نەڵێیت، تاکو وەك منت "لێنەیە"!

"منطق الطیر"

## لێبوردەیی و خۆشکێنی

میرفەندرۆسکی لە زانایانی سەردەمی سەفەوی بەهەمو زانست و بیرمەندییەك کە هەیبوو، زۆر ساکار دەژیا. بەمجۆرە کە لە دەشت و کێو رادەوەستاو کایەی منالآنی چاو لێئەکرد.

لای شائەباس باسی ئاکاری ئەویان دەکرد. رۆژێك شا بە میری وت: "بیستومە کۆمەڵێك لە زانایان هێمنی و مەندی خۆیان ناپارێزن و لە دەشت و کێو سەرقاڵی کایەی منالآن ئەبن."

میر فەرمووی: "من بەردەوام لەوێم بەڵام هیچ زانایەکم نەبینیوە!"

شا لە لێبوردەیی و خۆشکێنییەکەی سەرسام بوو.

*"کشکول ابن العلم"*

## ئەو مێشولەش تۆی، ئێمە هیچ نین

ئەو کات کە شێخەکەمان "ئەبوسەئید ئەبولخەیر" چوو بۆ نەیشابور، مامۆستا ئەبولقاسمی قەشیری شێخەکەمانی نەدیتبوو و هاشای دەکرد. شێخ ئەبولقاسم هەرچی بە زاری دەهات رێك بە شێخی ئێمەی دەوت..و شێخ هیچی نەدەوت. رۆژێك بە زمانیدا هات کە دەمێك نییە ئەبوسەئید خوای گەورەی خۆش دەوێت و خوای گەورەش ئێمەی خۆش دەوێت، جیاوازی لەوەدایە کە ئێمە لەم رێگایەدا دەست و پێین و بوسەئید مێشولە!

ئەم هەواڵەیان گەیاندە شێخ. شێخ بەو کەسەی وت، بچۆ لای مامۆستاو پێی بڵێ: "ئەو مێشولەش تۆی، ئێمە هیچ نین، ئێمە لەم نێوەدا هەر نین." دەروێش گەڕایەوەو ئەم قسەیەی بە ماموستا وت، مامۆستا بڕیاریدا لەم ساتەوە خراپەی شێخەکەمان نەکات.

"محمدبن منور، اسرارالتوحید"

## یەکڕەنگی و روونی

لە شێخ ئەبولحەسەنی خەرەقانی پرسیاران کرد: چۆن بزانین کەسێك ناخی پاك و یەکرەنگە؟ وتی: کاتێك زمانی یەکرەنگ و پاك بێت، چونکە هەر کەس زمانی پرژوبڵاو بێت، دڵ و ناخیشی پرژوبڵاو دبێت. مرۆڤە مەزنەکان وتویانە: "دڵ مەنجەڵەو زمان کەوگیر، هەرچی لە مەنجەڵ دابێ بە کەوگیریش هەمان شت دەگا، دڵ دەریایەو زمان قەراخی دەریا، دەریا کە شەپۆلی کرد، هەمان شت کە لەناو دەریایە دێنێتە قەراخ."

* * *

لە حەکیمێکیان پرسی مرۆڤ کەی دەتوانێ ببێتە پارێزگارێکی تەواو؟

وتی: "ئەوکات کە هەرچی لە ناخ و دڵیدایە بیخاتە سەر کەشەفێکو لە بازار بیگێڕێو شەرم لە کەس نەکات."

## دووڕوویی

پارێزکارێك میوانی پاشایەك بوو، کە دانیشتن بۆ خواردن، کەمتەر لەوەی کە دەیویست خواردی، کاتێکیش بۆ نوێژ وەستا زۆرتر لەوەی کە باو بوو نوێژی کرد تاکو بە مرۆڤێکی زۆرباش باسی بکەن.

کاتێك گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، داوای راخستنی سفرەی کرد تاکو خواردنێك بخوات، کوڕێکی هەبوو زۆر وریا بوو، وتی: "باوکە، پاشا بانگهێشتی کردی بەڵام خواردنت نەخوارد؟" وتی: "لە ماڵەکەیان شتێکی وەهام نەخوارد کە بەکار بێت." وتی: "کەوایە نوێژەکەشت قەزاکە چونکەو شتێکت نەکردووە کە بەکار بێ."

"سەعدی، گولستان"

## یەکڕەنگی

رۆژێك لە بەخدا سەرخۆشێك بە زەویدا کەوتبوو و لە سەرخۆشی هێزی رۆیشتنی نەمابوو.

شێخ جەنید لای تێپەڕ بوو. سەرخۆشەکە چاوی بە شێخ کوتوو شێخیش ئەوی بینی.

سەرخۆشەکە شەرمەزار بوو، وتی:

"یا شێخ، خۆم ناخم چۆنە، هەر ئەمەش پیشان ئەدەم، ئاخۆ تۆ ئەم جۆرە کە خۆد پیشان ئەدەی، ناخیشت هەر بەم جۆرەیە؟" شێخ بە

بیستنی ئەم قسەیە چاوی پڕ بوو لە گریان، ئەو کابرایەش چانسی تۆبەی هێناو گەڕایەوە بۆ ڕێگای ڕاست و دروست.

* * *

زانایەک پیاوێکی بینی کە بە جلوبەرگی ڕازاوەوە قسەی ناهەزو پیسی دەوت. زانا پێی وت: لەو دو کارە یەکیان هەڵبژێرە، یا ئەوەیکە قسەکانت وەکو جلەکانت بێ، یان جلەکانت وەک قسەکانت بێ.

## بیرۆکەی پۆزەتیف

ڕۆژێک خواناسێک کەوانێکی بەدەستەوە بوو، تیرێکی بۆ چۆلەکەیەک هەڵداو بەڵام بەری نەکەوت. خواناس زۆر پەرۆش بوو. یەکێک لە هاورێکانی بەناوی ئیبنی هەمدون لەوێ بوو، وتی: هەربژی خەلیفەی ڕۆژگار، خواناس وتی: خۆ تیرەکەم بەری نەکەوت بۆ پێم هەڵدەڵەی؟ ئیبنی هەمدون وتی: من وامزانی تۆ بەئانقەست لێت نەداو بەزەییت پێداهاتەوە! چونکەو تۆ کابرایەکی خواناس و دڵۆڤانی بۆ بەندەکانی خوا! خواناس ئەو ڕاڤەیەی بەلاوە جوان بوو هەربۆیە هەزار درهم خەڵاتی دایە.

"علی صلبی، لطایف"

* * *

باس دەکەن ئیسا(ع) لەگەڵ خوێندکارانی لەلای کەلاکی سەگێك تێپەڕ بوون. خوێندکارانی وتیان: بۆنەکەی چەن ناخۆشە. ئیسا مەسیە فەرمووی: ددانەکانی چەن سپییە.

*"محمد غزالی، کیمیای سعادت"*

یەکێك لە پێخەمبەران داوای لە خوا کرد
خەڵکی ئیدی تەشەری لێنەدەن. پەیامی بۆ
هات، من ئەو خەسڵەتەم بۆخۆم دانەناوە،
چۆن بۆتۆی دانێم.

*"شێخ بەهایی"*

## چ کاتێ کامڵ دەبین؟

قوتابییەکی سوقرات لێیپرسی:
"تێگەیشتن و زانایی من کەی کامڵ ئەبێ؟"
وتی: "ئەو کات کە بە پیاهەڵگوتنێك شادمان نەبیت و بە لۆمە کردنێکیش پەرۆش نەبیت"
قوتابی وتی: "من کەی وام لێدێت؟"
وتی: "ئەو کات کە چوار شتت هەبێ، دو گوێ کە قسەی بەنرخی گوێ لێبێت و دو گوێش کە کەڕ بێت و قسەی هیچ و پوچی نەزانکەل نەبیسێ."

وتیان: "کەی بەندە قایل دەبێت؟"
وتی: هەرکات لە چەرمەسەریدا شوکر بکات نەک لەخۆشیدا.

## پێگەی قایل بوون

تایفەی رەندان دەسیان کرد بە نکۆلی کردنی دەروێشێك و جوێنیان پێ نەداو تۆرانبوویان.

دەروێش لەلای پیری رێچکە سکالای کردو رەوشەکەی خۆیی بۆ باس کرد:

پیر وتی: "رۆڵەکەم خەرقەی دەروێشان جلی قایل بوونیانە. هەر کەسێ لەو رەوشەدا خۆراگر نەبێت، پێشمارەو خەرقە بۆی هەرامە."

*"سعدی"*

* * *

یەکێك لە خواناسان پالەوانێکی بینی کە زۆر توڕەو بێتاقەت بووە.

وتی: "ئەوە بۆ وای لێهاتووە؟"

وتیان: "فلانەکەس جنێوی پێداوە."

وتی: "ئەم بێهونەرە هەزارەن بەرد هەڵدەگرێ بەڵام بەرگەی قسەیەك ناگرێ!"

*"سعدی، گلستان"*

/باس کردنی خراوی خەڵکی خۆی لە خراپترین خراوییەکانە، کەسێک کە باس لە خراوییەکانی خەڵکی دەکا دەبێ سەرەتا خراوییەکانی خوی باس بکاو چاکی بکات./

## نەبوونی دادپەروەری

یەکێک لە مرۆڤەمەزنەکان بە پاکداوێنێکی وت:
" رات چییە سەبارەت بەو فلانە پەرستارەی کە خەڵک قسەی زۆریان بۆ هەڵبەستووەو تەشەری زۆری لێ نەدەن. "
وتی:/"لە روالەتی خراپە نابینم، لە ناخیشی ئاگادار نیم."/

# ٣

## خوا دڵۆڤانە

**لە دنیایەکی پڕ لە درِك لەگەڵ خوا ژیان کردن زۆر لەوە خۆشترە کە لە بەهەشت**
**لەژێر سێبەری داری توبادا ئاگات لەوی نەبێ/**

*"ابولحسن خرقانی"*

## سەلماندنی خۆ یان خوا؟

کەسێك هات بۆلای مەولانا شەمسەدینی تەورێزی و پێی وت:

"من بە بەڵگەوە بوونی خوا دەسەلمێنم!"

شەمسی تەورێزی پێی وت:

"پیاوەکە! خوا سەلمێندراوە! سەلماندنی ئەو پێویستی بە بەڵگەوە نییە.

گەر دەتەوێ کارێك بکەی، پلەوپایەی خۆت لای خوا بسەلمێنە دەنا ئەو بێ بەڵگە سەلمێندراوە."

*"فیه ما فیه"*

## کەی شاراوە بووی تاکو بتدۆزمەوە؟

دەروێشێك لە شێخ ئەبوسەئیدی ئبولخەیر پرسیاری کرد

شێخ لەکوێ بیدۆزینەوە؟

شێخ وتی:

/ "کوێت بۆ گەڕا کە نەتدۆزیوە؟/

گەر لەروی راستی و دروستی هەنگاو هەڵێنی، لە هەر شتێك بڕوانی ئەو دەبینی."

* * *

خواناسێك بۆ خوا دەپارایەوەو دەیوت:
"خوایا! هەی بەخشەر! ئاخر دەرگایەکم بەڕوو بکەوە!"
رابعە عەدوییە ئەم قسەی بیست و وتی بە پیاوەکە:
"هەی بێناگا ئەو دەرگایە کەی داخراوە؟!"

"عەتار"



سی ساڵ ئەوەم کرد کە هاورێکەم دەیویست
سی ساڵ هاورێکەم ئەوە دەکا کە من دەمهەوێ
*"بایەزید بەستامی"*

## بەدیهاتنی دوعا

ڕۆژێك دەرویشێك لە گوندێك تێپەڕ دەبوو. هەر لەو کاتەدا منالێك بۆلای لێواری سەربانێك هاتوو لەبەر چاوی خەڵکی گوندەکە کەوتە خوارەوە. دەرویش هەتا ئەم دیمەنەی بینی هاواری کرد: "رایبگرە!!". خێرایی داکەوتنی منالەکە کەم بوویەوە. دەرویش رایکرد بۆلای منالەکەو ئەوی لەنێوان زەوی و ئاسمان گرتەوە و لەبەر چاوی حەبەساوی خەڵکی، منالەکەی بەسلامەت پێیان دایەوە! خەڵکی بە دەوری کۆبونەوەو ئەویان بە نوێنەری خوا داناو هەرکامیان بە وەسف کردن ناوێکیان لەسەردانا. دەرویش داوای لە خەڵکی کرد بێدەنگ بن و وتی:/"من هیچکام لەم شتانەی ئێوە باسی لێدەکەن نیم! من تەنیا بەندەیەکی ئاسایی ئەو خوایەم کە بە گیان و بە دڵ گوێڕایەڵی فەرمانەکانی ئەوموو بە کردەوەش سەلماندومە، ساتێکیش ئەم دیمەنەم بینی داوای یارمەتیم لێکرد. تەمەنێك من گوێڕایەڵی فەرمانەکانی ئەو بوومو و ئەنجامم دەداو ئێستاش من داوایەکم لێکرد و ئەو ئەنجامیدا، کەوایە دەبینن کە ڕووداوێکی گرنگ نەقەوماوە/

دوایی دەرویش جانتاکەی بە شانی داداو لەبەر چاوی حەبەساوی خەڵکی گوندەکە لەناو تۆزی زەماندا ونبوو.

## کەرامەت چییە؟

بە شێخ ئەبوسەعیدی ئەبولخەیریان وت:

فلانەکەس بەسەر ئاودا دڕوا!

شێخ وتی:

ئاسانە، بۆق و باڵندە بچووکەکانیش بەسەر ئاودا دەڕۆن

بە شێخیان وت:

فلانەکەس دەفڕێ!

شێخ وتی:

زەرگەتەو مێشیش دەفڕن.

پێیان وت:

فلانەکەس لە ساتێکدا لە شارێک بۆ شارێکیتر دەچێ!

شێخ وتی:

شەیتانیش بە هەناسەیەک لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژاوە دەچێ. ئەو شتەنا بایەخێکی نییە. مرۆڤی جوامێر بە کەسێک دەڵێن کە لەگەڵ خەڵکی هەستێ و دانیشێ و بنواو وەکو ئەوان بژی و لەگەڵ گەلەکەی گرین و فرۆش بکاو ساتێکیش لە خوا خافڵ نەبێ.

*"محمدبن منور، اسرارالتوحید"*

# لوتفی ئاسمانی

خواناسێك هەمووشەوێك هەر ناوی خوا لەسەر زاری بوو نوێژی بۆ دەکرد. شەوێك ئیبلیس لێی وەدەرکەوتوو بۆ ئەوەی دڵساردی بکاتەوە بەتەشەر پێی دەوت: "تۆ کە هەموو شەوێك بانگی خوا دەکەی ئاخۆ وەڵامێکیش لەلایەن ئەو بۆت هاتۆتەوە؟

خواناس بە بیستنی ئەم راستیە بە پەرۆشی و دڵگرانی خەوت و ئیدی بانگی خوای نەکرد.

/ لە خەودا حەزرەتی خزری بینی کە پێی دەوت: "بۆچی ئیدی بانگی خوا ناکەی؟" وتی: "چونکەو هیچ وەڵامێکم لەو هەموو ئەللە وتن و بانگ کردنە نەبیستەوە".

خزر فەرمووی: هەر ئەوەیکە دەتوانی ناوی ئەو بێنی سەر زمان زۆر شکور بکە چونکەو لە راستیدا هەر بە لوتفی ئەوە کە دەتوانی ناوی بێنی سەر زمان.

باوانم ئەوە بزانە کە زۆر نەزان و بێئاگا هەبوون کە شیاوی ئەوە نەبوون ناوی بێنە سەر زمان و رێگەیان پێ نەدراوە/

/"خوای مەزن، چوارسەد ساڵ تەمەن و پاشایەتی و موڵکی دایە فرعەون، کە گشت ئەمانە بوو بە هۆی دوور کەوتن لە خوا، تەنانەت رۆژێکیش تووشی گێچەڵی نەکرد تاکو نەوەك بیری ئەو بکاتەوە."

ئەو ژان و ئێشەی کە ئێمە بە تۆی دەدەین بیانوویەکە بۆ ئەوەی تۆ لە ئێمە نیزیکتر بیتەوەو باسی دڵت بۆ ئێمە بکەی و بگەیتە قوناخێکی ئاسمانی./

# لە پێناوی ڕاستی

کابرایەك سەبارەت بە چۆنێتی ناسینی خۆی بە نوری خوا باس دەکاو دەڵێ:

"سەرەتا بە دایك و باوکم وت تاکو خوام پێ بناسێنن."

وتیان: "ناساندمان"

کەوایە لای ئەوان نەمام.

دوای ماوەیەك گەڕامەوەو چوومە بەردەرگای ماڵ و لە دەرگامدا.

باوکم وتی: "کێیە؟"

وتم: "مناڵی تۆ!"

وتی: من مناڵێکم هەبو پێشکەشی خوام کرد.

شتی پێشکەش کراویش وەرناگیرێتەوە.

دەرگای لێ نەکردمەوە..

*"تذکرةالاولیا"*

## ئایینی بەندەیی

زەمانێکی خولامێکم کڕی.
لێم پرسی "ناوت چییە؟"
وتی: "تۆ بەچی بانگم دەکەی؟"
وتم: "چی دەخۆی؟"
وتی: "تۆ چیم دەدەیتێ؟"
وتم: "چی لەبەردەکەی؟"
وتی: "تۆ چیم لەبەردەکەی؟"
وتم: "چ کارێك دەکەی؟"
وتی: "چ کارێکم دەدەیتێ؟"
وتم: "چیت دەوێ؟"
وتی: "بەندە داوای هیچ ناکات"
کەوایە بە خۆم وت: "هەی کابرای داماو تۆ لە تەواوی تەمەنت ئاوا بەندەییت بۆ خوا کردووە؟"

*"ئیبراهیم نەدهەم"*

# رزگاری

رۆژێك "عەبدوڵڵا موبارەك" بە مەبەستی دیتنی بۆهلوول چوو بۆ سەحرا. گەییشتە لای ئەوو سڵاوی کرد و وتی:

"هەی بۆهلوول! داوات لێدەکەم پەندێك پێ بڵیی تاکو لە ژیانمدا تووشی گوناه نەبم لەبەرئەوەی من کابرایەکی گوناهکارم و ناتوانم دەرەقەتی نەوسی خۆم بم. رێگایەکم پێ پیشاندا تاکو رزگاریم بێت.

بۆهلوول کە ئەم قسانەی بیست، پێی وت: "هەی عەبدوڵڵا! من چوار مەرجم هەیە، ئەگەر تۆ ئەم چوار مەرجەت بەدیهێنا منیش پەندت دەدەمێ."

عەبدوڵڵا موبارەك قبوڵی کرد و بۆهلوول وتی:

"مەرجی یەکەم ئەوەیەکە کاتێك گوناه دەکەی و فەرمانی خوا بەجێناهێنی رزقی ئەویش نەخۆی!"

عەبدوڵڵا کە وای بیست، وتی:

"کەوایە رزقی کێ بخۆم؟"

بۆهلوول وتی: عەبدوڵڵا! تۆ پیاوێکی ژیری، دەتهەوێ داوای بەندەیی بکی و رزقی ئەویش بخۆیت و بە پێچەوانەی فەرمانی ئەو بکەیت! خۆت ببە بە دادوەر، مەرجی بەندەیی کردن ئاوایە؟

بەڵام مەرجی دوهەم ئەوەیە کە هەرکات ویستت گوناه بکەی ئاگاداربە لە موڵکی ئەودا نەبی!

عەبدوڵڵا وتی:

"بەڵام بۆهلوول! ئەمە لە مەرجی یەکەم ئاستەنگترە. هەموو شوێنێك مولکی خوای گەورەیە. بۆکوێ دەتوانم بڕۆم؟"

بوهلوول وتی:

"وایە عەبدوڵڵا، کەوایە شیاو نییە رزقی ئەو بخۆیت، لە مولکی ئەودا بیت و فەرمانی بەجێ نەهێنی!

بەڵام مەرجی سێیەم ئەوەیە کە هەرکات ویستت گوناه بکەی، لە شوێنێك بیکە تاکو ئەو نەتبینێت، ئەو کات هەرچی ویست بکە."

عەبدوڵڵا وتی:

"بۆهلوول! ئەمە لە گشتی ئاستەنگترە. خوای گەورە ئاگاداری هەموو شتێك هەیەو لە هەموو شوێنێکیش هەیە."

بۆهلوول وتی:

"وایە، بەڵام مەرجی چوارەم ئەوەیە: کاتێك ئیزرائیل لەپڕایەکی بۆت هات تاکو فەرمانی خوا جێبەجێ بکات، پێی بڵێ بڕێك کاتت بداتێ تاکو بتوانی مااڵوایی لە خزم و کەست بکەیت و تۆشەی ئاخرەتت کۆ کەیتەوە، دوایی رۆحم لە گیان دەرکە!"

عەبدوڵڵا وتی:

"بۆهلوول! ئەمە لە ئاستەنگترین مەرجەکانە. ئیزرائیل کاتێك کە دێت هەناسەیەکیش مۆڵەتت ناداتێ."

بۆهلوول وتی:

"وایە عەبدوڵڵا! کەوایە چونکەو رزقی ئەو دەخۆیت و لە مولکی ئەو دایت و لە هەمو کات و ساتێکیشدا ئەو تۆ دەبینێ و کاتێکیش کە فەرمانی مردنت دەردەچێ تەنانەت بەقەرا هەناسەیەکیش ناتوانی زیاتر

بمێنیتەوە، هەربۆیە لە خەوی بێئاگایی هەستەو هەولی ئاخرەتی خۆت بدەو کاری ئەمڕۆت مەخەیێنە بۆ سبەی تاکو لە رۆژی قیامەت پەژیوان نەبیتەوە"

*"جامع التمثیل"*

## نیازپاکی

ماوەیەك بوو کۆمەڵێك لە بەنی ئیسرائیلیەکان دارێکیان دەپەرەست. خواناسێك چونکەو ماڵەکەی لەو نیزیکیانە بوو ئاگاداری ئەم بابەتە بوو. تەورازێکی هەڵگرت و بۆلای دارەکە چوو تاکو بیبڕێتەوە.

ئیبلیس پێشی پێ گرت و وتی:

"بۆ دەتهەوێ کارێك بکەی کە هیچ قازانجێکی بۆت نییە، بۆ لەپێناو کارێکی بێسود دەست کێشاوەتەوە لە عیبادەتی خۆت؟"

بەردەوام ئیبلیس هەولی ئەوەی دەدا کە خواناسەکە لە کارەکەی پاشگەز کاتەوە. لە کۆتاییدا توشی دمەقاڵە بوون. خواناس و ئیبلیس لێیان بوو بە شەڕ و دوای ماوەیەك ململانێ ئیبلیس شکستی خواردو بە زەوی داکەوت.

خواناس لە سەر سینگی دانیشت، ئیبلیس وتی: "من بەردە تاکو پێشنیارێکت پێ بڵێم، گەر بە دڵت نەبوو ئەوکات هەرچی ویستت بکا!

خواناس وتی: "بیڵێ"

ئیبلیس وتی: "تۆ پیاوێکی هەژاری، من هەموو رۆژێ دو دینارت بۆ دێنم تاکو خەرجی خۆت و هەژارەکانی تر بکەی، ئەم کارە لە بڕینی

دارەکە بۆ تۆ باشترە. گەر قبوڵی بکەیت هەموو ڕۆژێ دو دینار لە ژێر سەرینەکەن هەڵدەگری."

خواناس پێشنیاری ئیبلیسی قبوڵ کرد و لە بڕینی دارەکە پاشگەز بوویەوە. بە پێی بڕیارەکە خواناس ڕۆژی یەکەم و دوهەم دو دیناری لە ژێر سەرینەکەی هەڵگرت، بەڵام ڕۆژی سێیەم هەرچی گەڕا هیچی نەدۆزیەوە.

خواناس بۆ جاری دوهەم تەورازەکەی هەڵگرت تاکو دارەکە ببڕێتەوە. لە ڕێگادا دیسان توشی ئیبلیس بوو. ئەم جارەشەیان لێیان بووبە شەڕ، بەڵام بە پێچەوانەی جاری یەکەم، ئەم جارەیان خواناس شکستی خوارد و بە زەوی داکەوت. ئیبلیس لە سەر سینگی دانیشت و وتی: "گەر لە بڕینی دارەکە پاشگەز نەبیتەوە هەر ئێستا دەتکوژم."

خواناس داوای لێکرد بەریبدات و لێی پرسی: "چیبوو کە جاری یەکەم شکستت لە من خوارد بەڵام بۆ جاری دووهەم سەرکەوتو بویت؟"

/ ئیبلیس وتی: "چونکە تۆ جاری یەکەم لەبەر خواو بە نیازێکی پاك هاتی، توانیت من شکست بدەیت. ئێمە لەهەمبەر کەسانێك کە لەپێناو خوادا کارێك دەکەن بێتوانین. جاری دوهەم تۆ ژبۆ دینارەکان هاتی بۆیە شکستت خوارد!" /

# خوا دڵۆڤانە

ڕۆژێك حەزرەتی موسا(ع) لە کێوی تووڕ لە کاتی سەڵادا وتی:

ئەی خوای هەموو جیهان!

وەڵام هاتەوە: "لبیك"

دوایی وتی: "ئەی خوای فەرمانبەران!"

وەڵام هاتەوە: "لبیك"

دوایی وتی: "ئەی خوای تاوانباران! موسا(ع) بیستی: "لبیك، لبیك، لبیك!"

حەزرەتی موسا وتی: "خوایا! حیکمەتەکە لەچیدایە کە تۆم بە جوانترین ناوان بانگ کرد، جارێك وەڵامت دامەوە، بەڵام تا وتم: خوای تاوانباران، سێ جار ووەڵامت دامەوە؟"

خوا فەرمووی: "ئەی موسا! زاناکان بە زانست و مەعریفەتی خۆیان و چاکەکاران بە کردەوە چاکەکانی خۆیان و فەرمانبەران بە فەرمانبەر بوونی خۆیان متمتنەیان هەیە، بەڵام تاوانباران جگە لە بەزەیی من بۆکوێ پەنابەرن.

گەر ئەوان لە بارەگای منیش بێهیوا بن، بۆ بە پەنابەری بارەگای کێ؟"

## دەریای لێبوردەیی

شێخ ئەبولحەسەن خەرەقانی شەوێك نوێژی دەکرد، کە لەپڕ دەنگێك هات کە وتی:

"هەی ئەبولحەسەن، دەتەوێ هەرچی سەبارەت بە تۆ دەزانم لای خەڵکی باسی بکەم تاکو بەردبارانت بکەن؟"

شێخ وتی: "خوایا، دەتەوێ منیش هەرچی سەبارەت بە لێبوردەیی و کەرەمی تۆ دەزانم بە خەڵکی بڵێم تاکو ئیدی کەس کڕنۆش و سوجدەت بۆ نەکات؟"

نەوا هات: "نە تۆ باسی کەو نە من."

*"عەتار نەیشابووری"*

## دەبێ بە ئاڵتون بینوسی

## " وتەو قسەکانی شێخ ئەبولحەسەنی خەرەقانی "

* ئەو کەسانەی کە لەسەر زەوی دەڕۆن،
ئەوانە مردووکان و
ئەو کەسانش کە لە زگی خۆلدا نوستون
ئەوانە زیندوکانن.

* بەندەی باش ئەوەیە کە هەر دو دەسی راست بێ،
واتە هەرچی بەو دو دەسە دێنیکا کردەوەی باش بێ،
تاکو ئەو شتەی فرشتەکان لە دەسی راستی دەنوسن
هیچ جیاوازییەکی دەگەل نوسینی فرشتەکانی دەسی چەپی نەبێت.

* هەرچی دنیات زیاتر بوێت،
دنیا لەسەرت زاڵترە.
کاتێکیش وازی لێبێنی،
تۆ بەسەریدا زاڵ دەبی.

* باشترین شت،
دڵنیە کە هیچ خراپیەکی تێدا نەبێ.

* لێیان پرسی "دڵپاکی" چییە؟ وتی:
"هەر شتێك لەپێناو راستیدا بکەی، دڵپاکیەو
هەر شتێکیش بۆ خەڵکی بکەیت، سەرۆکایەتیە."

* خوایا گەلەکەت شوکری نیمەتەکانی تۆ دەکەن،
من شوکری تۆ دەکەم.
نیمەت، هەبوونی تۆیە.

## وتوویژی جەبرەئیل و میکائیل

جەبرەئیل وتی:

"من زۆرم پێسەیرە کە بەم گشتە بێرێزی و زوڵمی ئەو گەلە، خوای گەورە، بەهەشتی لەبەرچی ئافراند؟"

میکائیل کە ئەم قسەیەی گوێ لێبوو وتی:

"من ئەوەم پێسەیرە خوا بەم گشتە دڵۆڤانی و لێبوردەییەی کە بۆ بەندەکانی هەیە، لەبەرچی دۆزەخی ئافراندووە؟"

دەنگێك لە لایەن حەزرەتی عیزەت و بەرێز جەبەروتەوە هات:

"لە وتەکەی هەردوکتان ئەوەم زیاتر بەدڵە کە گومانی جوانتر بکا واتە رەحمەت و دڵۆڤانی منی زیاتر لەبەر چاوبێ تاکو پق و تووڕەییکەم."

*"کشف الاسرار"*

## پێناسەی پێگەیشتن

زارۆکێك بووم کە سەبارەت بە پێگەیشتن پرسیارم لە گەورەیەك کرد، وتی: "لە نوسینەکاندا هاتووە کە سێ نیشانەی هەیە: یەکەم تەمەنی پانزە ساڵانی و دوهەم لە خەودا گان کردن و سێیەمیش دەرهاتنی موی بەر.

بەڵام لە ڕاستیدا تەنیا نیشانەیەکی هەیە: ئەویش ئەوەیە کە لای خوای گەورە و مەزن خۆت لەوە زیاتر پیشان بدەی تائەوەیکە گیرۆدەی نەفس و هەوەسی خۆت بیت. ئەو کەسەش کە ئاوا نەبێت، زانایان بە پێگەیشتووی نازانن.

## متمانەی بە ئێمە بوو

شێخ عەبدوڵڵا بن خەفیف بیرەوەری خۆی لە سەفەرەکەی حەجی ئاوا باس کردووە:

"ویستم بچم بۆ حەج. کاتێك کە گەییشتمە بەغدا ئەوەندە سەرم قاڵ بووم کە بیرم چوو سەردانی گەورەیەك بکەم. کە گەییشتمە بیابان، پەتێك و دۆڵچەیەکم پێ بوو. تینووم بوو، بیرێکم بینی، بەچکە ئاسکێك ئاوی لێ ئەخواردەوە، کاتێك چووم بۆ سەر بیرەکە ئاوەکە کەمی کرد.

وتم: خوایا! نرخی من لەو ئاسکە کەمترە؟

هەر وام وت لە گوێمدا دەنگێکم بیست کە وتی:

"هەی پیاو، ئەو ئاسکە پەت و دۆلچەیەکی نەبوو، بڕوای بە ئێمە بوو."

*"عطار، تذکرةالاولیا"*

# چیرۆکەکانی متمانە کردن

براکانی یێسف کاتێك ویستیان یێسف بخەنە ناو بیرەکە، یێسف زەردەخەنەیەکی تاڵی کرد. یەهود! یەکێك لە براکانی یێسف پرسی: "بۆ پێدەکەنی؟ ئێرەخۆ شوێنی پێکەنین نییە!"

/ یێسف وتی: "رۆژێکی بیرم لەوە دەکەردەوە کە بە بوونی براگەلی ئاوا بەهێز کێ دەتوانێ دوژمنیم لەگەڵ بکا!"/

/ ئێستاکە خوا هەر ئەو برایانەی خومی پێ پیشاندام تاکو جگە لە ئەو متمانەم بە کەسیتر نەبێ./

* * *

/ حەزرەتی موسا ددانی وەژان کەوت و سکاڵای لە خوا کرد. خوای گەورە فەرمانی پێدا کە لە فلانە گیا کەڵك وەربگرێ. حەزرەت وای کردو چاك بووە.

جارێکیتر ددانی موسا وەژان کەوت و هەر ئەو دەرمانەی بەکار هێنا، بەڵام ددانی چاك نەبووە! ئەو هۆیەکەی لە خوا پرسی. ئەوا هات کە جارەکەی پێشو بە هیوای منەوە چوی، بەڵام ئەم جارەیان بە هیوای گیاکەوە چوی و لە من غافڵ بووی./

# دزی ئایین

ڕۆژێك دزێك پاکەتێکی دۆزیەوە کە تێیدا شتگەلی بە نرخی تێدا بوو و هەروەها ئایەت لکورسێکیش پێی لکابوو. ئەو، پاکەتەکەی گەڕاندەوە بۆ لای خاوەنەکەی.

/ هۆیەکەیان لێپرسی، وتی: "بە بڕوای خاوەنی ئەم مانە، ئەم ئایەیە مانەکەی لە دەسی دز دوور رادەگرێ، من دزی مانم نەك دزی ئایین! گەر من ئەوەم نەگەڕاندبایەوە شك و دودڵی سەبارەت بە ئۆل لای خاوەنەکەی دروست دەبوو، ئەوکات من دەبووم بە دزی ئۆلیش.

*"کشف الاسرار خاجە عەبدوللا ئەنساری"*

# گەڕانەوە بۆلای ئەو

سەڵەفخۆرێك لە شوێنێك تێدەپەڕی. هەر لەم شوێنە مناڵگەلێك کایەیان دەکرد. کاتێك کە گەیشتە لای مناڵەکان، گشتیان بە یەکەوە وتیان:

لێی دوور بکەوینەوە تاکو تۆز و خۆڵی سەلەفخۆر لەسەرمان نەنیشێ.

تاکو وەکو ئەو چارەڕەش نەبین. کابراکە ئەم قسانەی زۆر پێناخۆش بوو هەربۆیە چوو تۆبەی کرد.

کە گەڕایەوە، مناڵەکان لەرێگادا بوون و بەیەکەوە وتیان:

با دوور بکەوینەوە تاکو تۆزی ئێمە لەسەر وی نەنیشێ.

تۆبەکار وتی: "خوایا لە ماوەی کاژمێرێك کە لەگەڵ تو ئاژ بوومەوە، ناوی منت بە چاکی و دروستی پیشان داوەو دەنگی دهۆڵی دڵەکانت بۆ من وەگڕخستووە."

# چیرۆکی تۆبەی عەترفرۆش

دەگێرنەوە هۆی تۆبە کردنی عەترفرۆش ئەوە بوو کە رۆژێک لە دوکانەکەی خریکی خوێندنەوە بوو، دەروێشێک هاتە ژۆر و چەن جار وتی الله اکبر، بەڵام عەترفرۆش هەر بۆڵای نەهات. دەرویش وتی:

"خاجە تۆ چۆن دەمری؟"

عەترفرۆش وتی: "هەر بەو شێوازەی تۆ دەمری!"

دەرویش وتی: "تۆ دەتوانی وەکو من بمری؟"

عەترفرۆش وتی: "بەڵێ"

دەرویش پیاڵەیەکی چێوی هەبوو، لەسەر سەری داناو وتی: "الله" و مرد.

عەترفرۆش ئەمەی کە بینی پەشۆکاو و دوکانەی تێک داو، هاتە سەر مەسلەکی ئەو.

"جامی"

# قەباعەتی دزی

باس دەکەن دزێک بوو کە زۆر شارەزا بوو لە کارەکەی، گەر دەیهەویست دەیتوانی دەمامک بداتە سەر ئەستێرەگەڕۆکی کەیوان و یان دەمامک لەسەر ئەستێرەگەڕۆکی زۆهرە لادا، لە کەلێنی هەر کونێکەوە وەک شۆقی مانگ دەچوو ژورەوە و لە قەڵشایی هەر دەرگایەک وەک تیشکی خۆر خۆی پێیا دەکرد.

پاشای شارەکە دەیهەویست بیگرێ، بەڵام هەڵێک نەدەرەخسا بۆ گرتنی.

شەوێک هەر ئەو دزە بەپێی ڕەوشتی خۆی لە قەراخ دیوارێک خۆی شاردبووە تاکو لە ڕێبواران شمەکێک بدزێ. روانی، کۆمەڵێک کەسی بینی کە ژنێکیان لەسەر پیاوێک بە زینا گرتبوون وبۆڵای فەرمانداری ناوچەکە رایاندەکێشا.

ژنەکە هاواری کرد: هەی موسڵمانینە، نە قسەیەکی خراپم وتووە نە دزیم کردووە، چیتان لەمنی داماو دەوێت؟ ئەم قسەیە دزەکەی چاک تەمبێ کرد. لەگەڵ خۆی وتی: ئەە.. لەو کارەی کە من دەیکەم.. کارێک کە ژنێکی لەشفرۆش پێی شورەییە کە بیکا. ڕۆیشت و لەم کارەی خۆی تۆبەی کردو نیدی بۆلایدا نەچوو.

## دو شێوەی مردن

ڕۆژێك پاشایەك ویستی بچێت بۆ سوارکاری. فەرمانیدا جلەکانی بۆ بێنن. ئەوەی کە باشتر بوو لەبەری کرد و هەروەها چەن ئەسپیشیان بۆ هێنا. ئەسپێك لەوانیتر باشتر بوو، سواری بوو و لەگەڵ کۆمەڵێك لە سوارکارەکانی دەرچوو و ئەوەندە لەخۆبایی بوو کە چاوی لە کەس نەدەکرد. ئیزرائیل بە شێوازی دەرویشێك هاتە لای.

سڵاوی لێکرد، پاشا وەڵامی نەدایەوە. لقاوی ئەسپەکەی گرت، پاشا وتی:

"وازبێنە نازانی خەریکی چی دەکەی؟"

وتی:"پاشا من کارێکم پێتە" وتی: "ڕاوەستە تاکو دابەزم."

وتی: "نا، هەر ئێستا." وتی: "خێرا بیڵێ"

سەری بردە لای گوێی و پێی وت: "من ئیزرائیلم، هاتوم هەر لەم ساتەدا گیانت لێ بگرم."

پاشا ڕەنگی پێوا نەماو زمانی لەکار کەوت و تی:

"بەس بێڵە بچمەوە ماڵ و لەگەڵ ژن و منداڵم ماڵاوایی بکەم."

وتی: "نا، هەر ئێستا گیانت دەگرم."

ئەوەی وت و گیانی لێسەند، پاشا لە ئەسپەکە کەوتە خوارەوە و ئیزرائیلیش ئەوێی بەجێهێشت.

ئیماندارێکی بینی، وتی: "دەمەوێ نهێنییەکت پێ بڵێم." وتی: "بیڵێ."

وتی: "من ئیزرائیلم."

وتی: "هەی بەخێربێی، زۆر درەنگ هاتی من نەمێژە چاوڕوانتم، هیچ کەس لە تۆ ئازیزتر نایەتە لای من، هەر ئێستا گیانم دەرکە."

وتی: "دانیشە، سەرەتا ئەگەر کار و پێداویستیەکت هەیە بیکە."

وتی: "هیچ کارێك لای من گرنگتر لە بینینی خوای خۆم نییە."

وتی: "هەرئێستا گیانت دەردەخەم."

وتی: "ڕاوەستە با دەستوێژ بگرم و نوێژ بکەم، تۆش لە سوجدە گیانم لێ بستێنە." ئەویش وای کرد.

*"خەزالی، کیمیای سەعادەت"*



# راستی مەرگ: تاڵ یان شیرن؟

ئیزرائیل گەیشتە سەر بەئیمانێك،

پێی وت:

تۆ کێی؟

ئیزرائیل وەڵامی دایەوە:

"من لەناوبری چێژەکانم و جووتەکان لەیەك جیادەکەمەوە"

کابرای بە ئیمان پێی وت:

هەی جوامێرا بۆ هەر خەسڵەتە خراپەکانت پیشان دەدەی و سەبارەت بە خەسڵەتە باشەکانت هیچ ناڵێی؟

ئیزرائیل وتی:

"خەسڵەتی باشم چییە؟"

ئیماندار وتی:

"تۆ مەڕانە دەگەیەنی بۆلای مەڕانەکەی!"

*"کشف الاسرار"*

# شوکر

جۆنەیدی بەغدادی هەوت سالان بوو کە بردیان بۆ حەج.

لە مزگەوتی الحرام سەبارەت بە شوکر قسەیان دەکرد و لەنێوان چوارسەد پیردا، چوارسەد وتاریان سەبارەت بە شوکر وت.

بە جۆنەیدیان وت: "تۆش شتێك بڵێ."

جۆنەید وتی: "شوکر ئەوەیە کە ئەو نیمەتەی خوا بە تۆی داوە قەدری بزانی و نیمەتی ئەو نەکەی بە سامانێك بۆ کاری خراپ."

جۆنەید هەرئەوەی کە وت، گشتیان بەیەکڕا وتیان لەم قسەیە باشتر نییە.

*"عەتار"*

## ژماردنی نیعمەت

عەبدوڵڵا الفرج العابد دەڵێ:

لە ماوەی شەوورۆژێك لە خۆمدا چواردەهەزار نیعمەتم ژمارد،

وتیان:

ژماردنەکەی چۆن بوو؟

وتی:

هەناسەی خۆم ژمارد،

لە شەوورۆژێکدا چواردەهەزار هەناسە دەبوو.

*"ابوسعید ابوالخیر"*

## حەج هەر سوڕان بە دەوری بەردا نییە

کەسێك هاتە لای شبلی، شبلی پێی وت: "لە کوێوە دەی؟" وتی: "لە حەج بووم."

وتی: حەجت کرد؟ وتی: "بەڵێ."

وتی: "سەرەتا کە لە مالّ چوویتە دەرەوە و مالاّواییت لە نیشتمان کرد ئاخۆ لە گشت گوناهەکانیشت مالاّواییت کرد؟" وتی "نا" وتی: کەوایە کۆچت نەکردووە."

وتی: چووی بۆ مەکە؟ وتی: "بەڵێ" وتی: ئاخۆ لە لایەن خوای مەزن ئاگادار کرایەوە بۆ چوون بۆ مەکە؟"

وتی: "نا". وتی: "کەوایە بۆ مەکە نەچوویت."

وتی: "چوویە ژوور حەرەمەوە؟" وتی: "بەڵێ" وتی: "لەکاتی چوونەژوورەوەت بەڵێنیتدا کە واز لە هەموو شت گەلی حەرام بێنی؟" وتی: "نا" وتی: کەوایە نەچوویتە ژوورەوە."

وتی: "کەعبەت بینی؟" وتی: "بەڵێ". وتی: "ئەو شتەی کە بەنیازی بویت بینیت؟ وتی: "نا". وتی: "کەعبەشت نەدیوە."

وتی: "سێ بەردەکەت هەڵویشت و ئامادەی بەردی چوارم بویت؟"

وتی: "بەڵێ" کەوایە وتی: "لە دنیا رات کرد، بەم شێوازە کە تۆ بزانی لێی دور کەوتیتەوە و وازت لێهێنابێ دواجار بە هاویشتنی بەردی چوارەم هێور بووبیتەوە و بەم هۆیش سپاسی خوات کردبێ؟" وتی: "نا" وتی: "کەوایە بەردت هەڵنەداوە".

وتی: "لە سەفا هاتیتە خوارەوە؟" وتی: "ئەدی". وتی: "هەموو هۆیەکت لێ دورکەوتەوە بۆئەوەیکە سەفا بدۆزیتەوە؟" وتی: "نا". وتی: "کەوایە سەرنەکەوتوی لە سەفاو نەهاتیتە خوارەوە".

وتی: "عەرەفاتت تێپەڕ کرد؟" وتی: "ئەدی". وتی: "زانیت لەبرچی خولقێندراوی؟" وتی: "نا" وتی: "نەچوویتە عەرەفاتیش".

تۆ دەبێ بگەڕیتەوە بۆ ئەوەی بزانی چۆن لەمەوبەدواوە گشت ئەو کارانەربکەیت، نیستاکە من حەجم بە تۆ ناساند بۆ ئەوەیکە هەرجارەی چووی بۆ حەج هەول بدەی گشت ئەم کارانە بکەیت.

*"ابن عربی، فتوحات مکیه"*

# ٤

---

## مرۆڤ

دەبێ دنیایەکی تر بونیات بنێین و سەرلەنوێ مرۆڤ دروست بکەینەوە

*"حافز"*

# پێگە و پەیامی مرۆڤ

یەکێك وتی: "لێرە شتێکم فەرامۆش کردووە."

مەولەوی فەرمووی: لەدنیادا شتێك هەیە کە فەرامۆش ناکرێت، ئەگەر هەموو شتەکانی تر فەرامۆش بکەیت و ئەویان فەرامۆش نەکەیت، ئەوا جێی ترس نییە و ئەگەر هەموو شتێکی تر بەجێ بهێنیت و لەیادیان نەکەیت و ئەویان فەرامۆش بکەیت، ئەوا هیچت نەکردووە، هەروەکو پاشایەك تۆی ناردبێت بۆ ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو، تۆ بچیت و سەد کاری تر بکەیت جگە لەو کارەی کە بۆی چوبوویت، کەواتە تۆ هیچت نەکردووە.

کەوابوو مرۆڤ بۆ بەجێ هێنانی کارێك و بۆ مەبەستێك هاتووەتە سەر ئەم دنیایە، گەر بێت و ئەو کارە بەجێ نەهێنێت، وەك ئەوە وایە هیچی نەکردبێت.

# گەڕان بەدوای خەزێنەدا

مەولەوی لەمەسنەویدا، چیرۆکی پیاوێکی گێڕاوەتەوە کە بەدوای خەزێنەدا دەگەڕا و هەمیشە لەخودا دەپارایەوە و دوعای دەکرد کە: خودایە! خەڵکی ئەم هەموو خەزێنەیان کردووەتە ژێر زەوی و ئێستا مردوون و کەس کەڵکی لێوەرناگرێت، خەزێنەیەك پیشانی من بدە کە بیدۆزمەوە و تەمەنێك بەئاسوودەیی بەرمە سەر.

لەخەودا پێی وترا: دەچیت بۆ فلانە شوێن، لەسەر فلانە کێو و فلانە شوێن دەوەستیت، تیرێك لەکەوانەکەت دەهاوێژیت، لەهەر شوێنێك کەوت، خەزێنەکە لەوێدایە.

ئەو پیاوە هەموو کەرەستە و پێداویستییەکی هەڵگرت و چوو بۆ هەمان شوێن و بینی کە هەموو نیشانەکان راستن، ئینجا تیرەکەی خستە سەر کەوان و وتی: "ئێستا بۆ کام لای بهاوێژم"، بیری کەوتەوە کە پێیان نەوتووە بۆ کام لای بهاوێژێت.

بەهەرحاڵ تیرەکەی بەلایەکدا هاویشت و، ئەو شوێنەی تیرەکەی لێکەرت بە پاچ و پێمەرە هەڵیکەند، بەڵام هیچ لەگۆڕێدا نەبوو! سەرلەنوێ تیرێکی تری بەلایەکی تردا هاویشت، هیچ ئاسەوارێك نەبوو، باکوود و باشووری نیشانە گرت و دیسانەوە هیچی دەست نەکەوت.

گەڕایەوە بۆ مزگەوت و دەستی کردەوە بە دوعا و پاڕانەوە و دووبارە خەونی بینی، هەمان کەسی بینیەوە کە ڕێنمایی کردبوو، پێی وت: "ئەوە چۆن ڕێنماییەك بوو کە بۆ منت کرد، چەندەی گەڕام هیچم نەدۆزییەوە."

ئەو کەسە وتی: "من کەی بە تۆم وت کە تیرەکە بەهەموو هێزتەوە رابکێشیت و بیهاوێژیت؟ من وتم تیرەکەت بخەرە سەر کەوان و لەهەر شوێنێك کەوتە خوارەوە خەزێنەکە لەوێدایە."

کابرا ڕۆژی دواتر ڕۆیشتەوە و تیرێکی لەسەر کەوانەکەی سوار کرد و هەرلەجێوە بەریدایەوە، تیرەکە لەژێر پێی خۆی کەوت و ئەویش ژێر پێی خۆی کۆڵی، خەزێنەکەی دۆزیەوە.

لەزانایەکیان پرسی: مەبەستی مەولەوی لەگێڕانەوەی ئەم چیرۆکە چییە؟ ئەویش لەوەڵامدا وتی: "و فی انفسکم افلا تبصرون" واتە خەزێنە لەخودی خۆتایە. بۆچی ئەمسەر و ئەوسەر دەکەیت؟

## مەبە بەچیرۆکنووس

خاجە عەبدولکەریم، خزمەتکاری شێخ ئەبوسەعید بوو. وتی: ڕۆژێک دەرونێشێکی خۆمان لەگەڵمدا دانیشتبوو تاکو یەکێک لەچیرۆکەکانی شێخی بۆ بنووسمەوە.

کەسێک گەیشت و وتی: شێخ بانگی تۆ دەکات، ڕۆیشتم.

هەر کە گەیشتمە لای شێخ، شێخ پرسی:

"چیت دەکرد؟"

وتم: "دەرونێشێک داوای چیرۆکی شێخی دەکرد، ئەوەم دەنووسیەوە."

وتی:

"ئەی عەبدولکەریم.. مەبە بە چیرۆکنووس، وەها بە کە خەڵک چیرۆکی تۆ بڵێتەوە."

*"محەمەد بن منەوەر، اسرار التوحید"*

## کردەوەی بایەزید

بایەزید بەستامی بەڕێیەکدا دەڕۆیشت. گەنجێک بەدوای کەوتبوو، هەنگاو بەهەنگاو شوێنی دەکەوت و دەیووت: شوێنکەوتنی گەورەپیاوان ئاوا دەبێت.

شێخ پەستەکێکی لەبەردا بوو. گەنجەکە وتی: پارچەیەک لەم پەستەکەت بدە بەمن تاکو بەکڵنەکەی خۆمی بدوورمەوە. بایەزید وتی: **گەر تۆ پەستەکی بایەزید لەبەر خۆت بکەیت، هیچ سوودێکی بۆ تۆ نییە، مەگەر کردەوەکانت کردەوەی بایەزید بن.**

* * *

جەمەن بەسەری پۆلێک خەڵکی بینی کە لەسەر تەرمی پیاوچاکێک کۆببوونەوە، وتی: "بۆچی لەسەر تەرمەکەی کۆدەبنەوە، کاروکردارتان وەک ئەو بێت بۆ ئەوەی وەکو ئەو بن."

## شەرافەت

پیاوێك لۆمەی سوقرات-ی دەكرد كە گوایە سەربە خانەدانێكی بەشەرافەت نییە.

سوقرات وتی: "خانەدانەكەی من مایەی شەرمی منن و تۆش مایەی شەرمی خانەدانەكەتی."

* * *

عەرەبێكم بینی كە بەكوڕەكەی خۆی دەوت: "یا بني انك مسئول یوم القیامة ماذا اكتسبت ولا یقال انتسبت، واتە لێت دەپرسنەوە كە هونەرەكەت چییە، لێت ناپرسن كە باوكت كێیە؟"

*"سەعدی، گولستان"*

## هێزی هیمەت

مێروولەیەکیان بینی کە ناوقەدی هەڵبەستبوو
و کوللەیەکی دە هێندەی خۆی هەڵگرتبوو.
بە سەرسوڕماوی وتیان:
"سەیری ئەم مێرووە بکەن کە بەم لاوازییەی خۆی چۆن بارێکی وەها قورس هەڵدەگرێت؟"
لەگەڵ ئەوەی مێرووەکە گوێی لەمە بوو پێکەنی و وتی:
"پیاوینە، بار بەهێزی هیمەت و باسکی جوامێری هەڵدەگیرێت نەك بەهێزی جەستە و شان و مل پانی."

*"عەبدولڕەحمان جامی، بەهارستان"*

## هێزی ئیرادە

یەکێك لەخەلیفەکان لەمنداڵییەوە خووی بەگوڵ خواردنەوە گرتبوو.
رۆژێك بە پزیشکەکەی خۆی وت:
"چی بکەم ئەم خووەم تەرك بێت؟"
پزیشك وتی:
"ئیرادەیەك وەك ئیرادەی مرۆڤی بەرز"
وتی: "راست دەکەیت."
ئیتر ئەم کارەی دووبارە نەکردەوە.

*"شێخ بەهایی"*

# غەفلەت

دەڵێن پیاوێك لەدەست وشترێكی سەرشێت هەڵدەهات و بەناچار خۆی هەڵدایە ناو چاڵێك و دەستی بەلقی دارێكەوە گرت كە لەسەر لێواری چاڵەكە روابوو، هەردوو پێشی لەجێیەك گیر كرد.

لەم بەینەدا باشتر سەیری دەوروبەری كرد، هەردوو پێكەی لەسەر چوار مار دانابوو كە سەریان لەكون دەرهێنابوو. سەیری قوواڵیی چاڵەكەی كرد ئەژدیهایەكی تۆقێنەری بینی كە دەمی كردبۆوە و چاوەڕێی كەوتنی ئەوی دەكرد. سەری بەرز كردەوە، جرجی رەش و سپی لقی دارەكەیان دەخوارد كە دەستی پێوە گرتبوو.

هەر لەپاڵ خۆی چاوی بە نەختێك هەنگوین كەوت، پەنجەیەكی لێدا و بۆلای دەمی برد، ئەوەندە بەتام و چێژی هەنگوینەكەوە سەرقاڵ بوو كە لەبیری چووبۆوە لەچ دۆخێكدایە، بیری لەوە نەكردەوە كە پێی لەسەر چوار مار داناوە و نازانێت كەی دەكەونە جوڵە و مشكەكان بێ وەستان لقی دارەكەیان دەبڕییەوە، لەگەڵ لێبوونەوەی لقەدارەكە كەوتە ناو دەمی ئەژدیهاكە. ئەو چێژە كاتییە تووشی غەفڵەتێكی وای كرد و پەردەی بەسەر عەقڵیدا كێشا تاكو مشكەكان لقی دارەكەیان تەواو بڕییەوە و كابرای دامار كەوتە ناو دەمی ئەژدیهاكە.

*"نەسروڵڵا مەنیشی، كلیلە و دمنە"*

# پیاو بەپلە و پایە گەورە نابێت

دەڵێن: ئەسکەندەر پیاوێکی گەورەی سوپاکەی لەسەر پۆستەکەی لادا و، لەسەر کارێکی سادە و ساکاری دانا.

ئەو پیاوە ڕۆژێك هات بۆلای گەورەی. ئەسکەندەر پێی وت:

"کارەکەی خۆت چۆن دەبینیت؟"

وتی:

"تەمەنی گەورەم درێژ بێت،

پیاو بەپلە و پایە گەورە نابێت.

ئەسکەندەر ئەم قسەیەی بەدڵ بوو، گەڕاندیەوە سەر کارەکەی پێشووی و پلەی بەرز کردەوە.

*"غەزالی، نصیحة الملوك"*

# نهێنی ژیانێکی شاد

"زنون"ی حەکیم، پیاوێکی خەفەتباری لەکەنار دەریا بینی کە خەمی دنیای دەخوارد. حەکیم پێی وت: "خەم لەدنیا مەخۆ. ئەگەر لەوپەڕی هێز و دەسەڵاتدا، لەناو کەشتیدا بوویتایە و کەشتییەکەت دەشکا و بەرەو نقومبوون ڕۆیشتبای، ئایا دوا ئاواتی تۆ ئەوە نەدەبوو کە ڕزگارت بێت و هەموو سەروەت و سامانەکەت لەدەست بدەیت؟"

وتی: "بەڵێ."

ئینجا پێی وت: " ئەگەر فەرمانڕەوای دونیا دەبوویت و هەموو کەسانی دەوروبەرت نیازی کوشتنی تۆیان بووایە، ئایا ئاواتی تۆ ڕزگاربوون لەدەستی ئەوان نەدەبوو، تەنانەت بەرامبەر بە لەدەستدانی هەموو دەسەڵاتەکەت؟"

وتی: "بەڵێ."

وتی: "ئێستا بیر بکەرەوە، تۆ هەمان خاوەن هێز و توانایت و هەمان پاشایت، کە سەروەت و سامانەکەت لەدەست داوە، بەڵام گیانت پارێزراوە."

کابرا بەو قسانە هێور بووەوە.

*"شێخ بەهایی"*

# دەبێت بە زێڕ بنووسرێت

## وتار و قسەکانی زەنونی میسری

زەنونی میسری دەڵێت: یەکێکم ببینی کە بە ئاسماندا دەفڕی. وتم: چۆن گەیشتیتە ئەم ئاستە؟

وتی: پێم لەنەفس نا تاکو باڵم گرت.

- هاوڕێیەتی کەسێك بکە کە لەگەڵ گۆڕانی تۆدا نەگۆڕێت.
- هاوڕیەتی کەسێك مەکە کە ڕواڵەتی گوزارشت لەناوەڕۆکی نەکات.
- وتیان دنیا چییە؟ وتی: ئەوەی تۆ سەرقاڵ بکات و لەحەق دوورت بخاتەوە.
- ڕەمزی خۆشبەختی من لەسێ شتدایە: چەندەی تەمەنم دەچێتە سەر، تەماحم کەمتر دەبێتەوە و، چەندەی ماڵ و موڵکم زیاد دەبێت، دەست و دڵ کراوەتر دەبم و، چەندەی پلە و پایەم بەرز دەبێتەوە، دڵنزمتر دەبم.
- شەرم لەخوا بکە کە ئەوەی پێت خۆش بێت داوای لێ دەکەیت، لەکاتێکدا ئەوەی خوا بەناپەسندی دەزانێت تۆ ئەنجامی دەدەیت.
- یەکەم ڕێگە بۆ گەیشتن بەخوا، خۆشەویستی و تەندروستییە.

- ئەوەی بەچاوی دەرس وەرگرتن سەیری دنیا نەکات، هێندەی ئەو غەفڵەتە، دڵی نابینا دەبێت.
- ڕۆژێك بەکەنارەکانی نیل-دا تێپەڕ دەبووم، گەنجێکم بینی کە زۆر دڵخۆش بوو، وتم: هەی غەریب.. سەربە کوێیت؟ وەڵامی دامەوە:

"غەریب" کێیە کاتێك کە هاوڕێیەتی خوا بکات؟

کێ تەنها دەبێت کاتێك کە خوا هاوڕێی بێت؟

هەمووان لەبارەی تۆبەوە پرسیاریان لێکرد، وتی: تۆبەی گشتی بەهۆی گوناهەوەیە و تۆبەی تایبەت بەهۆی خافڵ بوونە لەیادی خوا.

## ٥

# عەشق، خزمەت، میهرەبانی

عارف، عارف نییە گەر وەکو زەوی نەبێت
تاکو چاکە و خراپە بەسەریدا تێپەڕن
و وەکو هەور کە سێبەر دەخاتە سەر هەمووشت
و وەکو باران کە دەگاتە هەموو شوێنێك

*" جنید بغدادی"*

## ناسانترین ڕێگەی گەیشتن بەخودا

پرسیاریان لەشێخی نێمە کرد
کە مەودای گەیشتن بەخودا چەندە،
وتی:
"لەهەزار ڕێگە زیاترە و هێندەی ژمارەی بوونەوەران ڕێگە هەیە بۆ گەیشتن بە خودا،
بەڵام هیچ ڕێگەیەك نزیکتر و باشتر و ئاسانتر لەوە نییە کە دڵی باوەڕدارێك خوش بکەیت و نێمە بەم ڕێگەیەدا ڕۆیشتین و ئەمەمان هەڵبژارد و ئەم ڕێگەیە بۆ هەموان پێشنیار دەکەین".

*"محەمەد بن منەوەر، اسرار التوحید"*

## سەردانی کردنی خوداوەند

خوداوەند بە حەزرەتی موسای وت:
ئەی موسا من نەخۆش بووم، بۆچی نەهاتی بۆ سەردانی کردنم؟!
حەزرەتی موسا وتی:
خودایە.. تۆش نەخۆش دەکەویت؟!
جواب هات: "بەڵێ، فلان بەندەی من، هاوڕێی من لەفلان شوێن نەخۆش کەوتووە، نەچوویت بۆ سەردانی! واتە لەڕاستیدا نەهاتووی بۆ سەردانی من."

# حەجی گشتی، حەجی تایبەت

"عەبدوڵڵا موبارەك" كە لەحەج گەڕابۆوە سەعاتێك خەوت و لەخەودا بینی كە دوو فریشتە لەئاسمانەوە دابەزین. یەكیان لەوی تری پرسی كە "ئەمساڵ چەند كەس هاتووە بۆ حەج؟" ئەوی تریان وتی: "شەش سەد هەزار كەس." وتی: "چەندیان حەجەكەی قبوڵ بوو؟"

وتی: "كەسیان حەجی لێ قبوڵ نەكرا."

عەبدوڵڵا كە گوێی لەمە بوو، تووشی دڵەڕاوكەیەك بوو و وتی: "ئەم هەموو خەڵكە كە لەگۆشە و كەناری جیهانەوە، بە چەندەها رەنج و هیلاكی هاتوون، هەمووی پووچەڵ بوو؟"

ئینجا فریشتەكە وتی: "لەشاری دیمەشق پینەچییەك هەیە كە ناوی عەلی بن مۆفەق-ە، ئەو نەهاتووە بۆ حەج، بەڵام حەجی ئەو قبوڵە. كاتێك گوێی لەمە بوو لەخەو راچڵەكی و چووە دیمەشق، تاكو ئەو كەسەی پەیدا كرد و بانگی كرد، كەسەكە هاتە دەرەوە، وتی: "ناوت چییە؟" وتی: "عەلی بن مۆفەق." وتی: "قسەیەكم لەگەڵ تۆدا هەیە."

وتی: "فەرموو." وتی: "تۆ چیت كردووە؟" وتی: "سی ساڵ بوو ئارەزووی حەج چوونم دەكرد و بە كاری پینەچێتی سێ سەد و پەنجا درهەمم كۆكردەوە. ئەمساڵ بەنیازی حەج بووم. رۆژێك كە ژنەكەم دووگیان بوو، بۆنی تەعامێكی بەسەردا هات، بە منی وت: "بڕۆ هەندێك لەو تەعامەم بۆ بهێنە." منیش چوومە بەر دەرگای دراوسێ. دراوسێكەم گریا و وتی: "سێ شەو و رۆژ بوو كە منداڵەكانم هیچیان

نەخواردبوو، ئەمڕۆ چاوم بە کەرێکی تۆپیو کەوت، هەندێك گۆشتم لەلاشەکەی کردەوە و کردم بەخواردن، حەڵاڵی ئێوە نییە." لەگەڵ بیستنی ئەمە ئاگر بەربووە گیانم. ئەو سێ سەد و پەنجا دینارەم هەڵگرت و دام بەو. وتم: "بیکە بە نەفەقەی منداڵەکانت کە ئەمە حەجە بۆ من!"

*"عەتار نەیشابووری"*



## بەزەیی هاتنەوە بە مێروولە

بایەزید بەستامی کە لە مەکە دەهاتەوە
گەیشتە هەمەدان،
تۆوی گوڵی (عصفر)ی کڕیبوو.
هەندێکی خستە باخەڵی و هێنایەوە بۆ بەستام.
کاتێک سەیری کرد مێروولەیەکی زۆر کەوتبووە ناو تۆوەکە.
وتی: "ئەمانەم لەشوێنی خۆیان ئاوارە کردووە!"
هەستا و مێروەکانی گەڕاندەوە بۆ هەمەدان و لەوێ کە زێدی خۆیان بوو جێی هێشتن!

*"عەتار نەیشابووری"*

## بەخشش

خەڵك چوار بەشن: بەخشندە، جوامێر، چاوچنۆك، بێ نرخ.
بەخشندە ئەو کەسەیە کە خۆی بخوات و بدات بە خەڵکیش،
جوامێر ئەو کەسەیە کە خۆی نەخوات و بدات بە خەڵك،
چاوچنۆك ئەو کەسەیە کە خۆی بخوات و نەدات بە خەڵك،
بێ نرخ ئەو کەسەیە کە نە خۆی بخوات و نە بدات بە خەڵك.

*"پێغەمبەری ئیسلام(ص)"*

* * *

وابەستەی هەر کەسێك بیت،
دەبیت بە بەندەی ئەو کەسە.
لەهەر کەسێك بێ منەت بی
وەکو ئەوت لێدێت.
دەستخۆشانە بدەیت بەهەر کەسێك،
دەبیت بەفەرمانڕەوای.

*"حەزرەتی عەلی(ع)"*

دڵ گەورەیی، بەخشینی ئەو شتەیە کە
کاتی تەنگانە پێویستت بێت.
"مەعروف کەرخی"

## خولّق و خووی دەروێشی

پیاوێك به شەقیقی بەلخی وتی:
"دەروێش و هەژارەکانی ئێوە چۆنن؟"
"ئەگەر شتێکیان دەست بکەوێت، دەیخۆن و ئەگەر نەشبێت، سەبر دەکەن."
کابرا وتی:
"خۆ سەگەکانی بەلخ-یش هەروا دەکەن!"
شەقیق وتی:
"کەوابوو ئێوە چۆنن؟"
وتی: "گەر شتێکمان کەوتە دەست دڵی کەسانی تری پێ شاد دەکەین و دەیبەخشین، گەر نەشبوو سوپاسی یەزدان دەکەین."

لەگـەورەیەکـیان پرسـی: "کێ جوامێرە؟"
وتی: "ئەوەی ببەخشێت و لەیادی بکات."
*"نصیحة الملوك"*

## بەزەیی

ژنـی جوامێرێـک بەمێردەکـەی خـۆی وت: "ئایـا ئـەم هاوڕێیانـەت نابینی کە لـەکاتی دەوڵەمەندیدا چۆن لەدەورت کۆ دەبنـەوە و لـەکاتی تەنگانە و هەژاریشدا لێت دوور دەکەونەوە؟"
مێردەکـەی وتـی: "ئەمـە گـەورەیی و چاکەی ئەوانـە کـە کاتێـک دەزانـن دەسـتم دەپـوات دێـن بۆلامـان بـۆ ئـەوەی چاکەیان لەگەڵدا بکەین و کاتی تەنگانە وازمان لێ دەهێنن."
*"شێخ بەهایی"*

## دوو جۆر مامەڵە

"حەسەنی کوڕی سەهل" توانی بچێتە خزمەتی مەئمون. مەئمون پێی وت: "تاچەند ئاشنای مرۆڤایەتی؟"

وتی: "ناتوانم وەڵام بدەمەوە، چونکە نازانم مەبەستی میری باوەڕداران لەو پرسیارە چییە.

مەئمون وتی: "بڕۆ بۆلای عەمروکوڕی مەسعەدە تاکو پەروەردەت بکات."

حەسەن دەڵێت: چووم بۆ ماڵی عەمرو. لەکاتێکدا ژمارەیەک کرێکار سەرقاڵی کارێک بوون و خۆیشی لەسەر خشتێک دانیشتبوو و سەیری ئەوانی دەکرد. سڵاوم لێکرد و وتم: "میری باوەڕداران تۆی ئەرکدار کردووە کە فێری مرۆڤایەتیم بکەیت." ئەویش داوای خشتێکی تری کرد و منی لەسەر دانیشاند و تێر قسەی بۆ کردم.

من بەهۆی ئەو مامەڵە ناخۆشەی زۆر زویر بووم، لەبەر ئەوەی وەک پێویست رێزی منی نەگرت و پێشوازییەکی باشی لەمن نەکرد. پاشان بەخزمەتکارێکی خۆی وت: "هیچ خواردنێکمان هەیە لەماڵەوە؟" وتی:

"بەڵێ". دوای ماوەیەك هێنای كە دوو نان و سێ قاپی بچووك بوو، قاپێكیان هەندێك سركە و ئەوی تر هەندێك سەوزە و سێهەم قاپ خوێی تێدابوو، لەبەردەستی ئێمەی دانا. بەیەكەوە خواردمان، پاشان خزمەتكارەكە هاتەوە، ئاوی هێنا و ئێمەش دەست و دەموچاومان شۆرد. ئینجا بەمنی وت: "ئەگەر بەتەمای رۆیشتنیت خۆت دەزانیت."

حەسەن وتی، لەجێی خۆم هەستام لەكاتێكدا توڕەیی سەرتاپای گیانمی داگیر كردبوو. خۆم بەزۆر راگرت و هیچم نەوت، بەڵام خواحافیزیم لەو نەكرد. ئەو بە منی وت: "ئەگەر پێت خۆش بوو فڵان رۆژ وەرەوە بۆ ماڵمان. جارێ هیچ شتێك بۆ مەئمون باس مەكە."

وتم: "كێشە نییە". لەگەڵ گەیشتنی رۆژی دیاریكراو چوومەوە بۆلای. كاتێك گەیشتمە بەر دەرگای ماڵەكە، بانگیان كردمە ژوورەوە. هات بۆ پێشوازیم و باوەشی پێدا كردم. تێر روومەت و ناوچەوانی منی ماچ كرد، ئینجا بەڕێزەوە لەدواوەی من رۆیشت و چووینە ژووری میوان. لەشوێنی تایبەتی خۆی منی دانیشاند، خۆیشی بەرامبەر من دانیشت و زۆر بەخێرهاتنی كردم. ئەوەندە رێزی منی گرت كە بەدرێژایی تەمەنم رۆژی وام بەخۆمەوە نەدیبوو.

لەكاتی نان خواردن بە فەرمانی ئەو سفر راخرا، كە هەر زوو بە جۆرەها میوە و خۆراكی رازێنرایەوە. كاتی ماڵئاوایی كردن فەرمانی كرد بڕێكی زۆر زێڕ و زیو و فەرش و جلم بۆ ئامادە بكەن و ئەسپێكی تیژڕەویشیان بۆ ئامادە كردم، دواتر ژمارەیەك غوڵام و كەنیزەی خۆی لەگەڵمدا رەوانە كرد و بەمنیان وت:

"ئەگەر برایەکت رووی کردە ماڵت خۆت مەخەرە زەحمەتەوە و قەناعەت بەوە بکە کە لەماڵەوە هەیە. بەڵام ئەگەر رۆژێك کەسێکت بەتایبەت بانگهێشت کرد، ئەوەندەی لەدەست و تواناتدا هەیە ئامادەی بکە و بەوپەڕی رێزەوە پێشوازی لێبکە، هەروەکو دیداری تۆ لەگەڵ من لەیەکەم رۆژ و مامەڵەی ئەمڕۆی ئێمە کە تۆمان بانگهێشت کرد."

حەسەن وتی: "ئەو رۆژە زانیم واتای مرۆڤایەتی و جوامێری چییە!"



# چاکە لەوەڵامی خراپەدا

باوکێـک سـێ کـوڕی هـەبوو و دەیویـست جێگـرەوەی خـۆی دەستنیشان بکات.

هەموویانی بانگ کرد و پرسیاری باشترین کاروکردەوەیانی کرد، کە لەچەند هەفتەی دواییدا ئەنجامیان داوە.

یـەکیان وتـی: "بازرگانێـک خـشڵە گرانبـەهاکانی خـۆی لای مـن بـە ئەمانـەت جێهێـشت و، بڕەکەشـی نـەدەزانی. ئەگـەر پارچـەیەکیم لـێ هەڵبگرتایە، بەئاسوودەیی دەژیام، بەڵام من ئەو کارەم نەکرد."

باوکی ستایشی کرد و بە ڕەوشت بـەرزی کوڕەکەی خۆشحاڵ بوو. پاشان کوڕی دووەمی قسەی کرد: بەپێی دەڕۆیشتم. منداڵێکم بینی کە دەڕۆشت و لـەپڕ کەوتـە نـاو جۆگەیـەکی ئاو، خێـرا ڕۆیـشتم و ڕزگـارم کرد."

لەکۆتاییدا کوڕە هـەرە بچوکەکەی وتـی: "بەسـەر شاخێک دەکـەوتم. پیاوێکم بینی کە زۆر لەگەڵمدا خراپ بوو و جاروبار ئازاری دەدام.

ئەو پیاوە لەقەدپاڵێکی شاخەکە خەوتبوو، کە مەترسی زۆری هەبوو و ئەگەر لـەوێ جێمهێشتبا بەڵایەکی بەسـەر دەهـات. بەڵام من چووم و لەخەو هەڵمستاند."

باوکی وتـی: "کوڕم تۆ شایەنی ئـەوەیت جێگرەوەی من بیـت. تۆ چـاکەت لەگـەڵ کەسـێکدا کـردووە کـە خراپـەی بەرامبـەر تـۆ نواندووە."

هەموو بینایەك شایەنی ڕووخانە، بێ
خۆشەویستی نەبێت، کە زۆر پتەوە.

## بەهۆی خۆشەویستییەوە...

ڕۆژێك جووتیارێك دانیشتبوو و، هاوڕێیەکی خەیاری نۆبەرەی بۆ هێنا، جووتیارەکە حسابی ماڵەوەی جیا کردەوە و خەیارێکی دا بە کارەکەرەکەی، کە بە پێوە وەستابوو، جووتیارەکە خۆی نەیخوارد.

کارەکەرەکە خەیاری دەخوارد، کابرای جووتیار ئیشتیهای خەیاری کرد، پێی وت: قەپاڵێك لەو خەیارە بدە بە منیش، کارەکەر بەشی ئەویشی دا.

لەگەڵ ئەوەی جووتیار دەمی بۆ خەیارەکە برد، بینی زۆر تاڵە. وتی: غوڵام، ئەم خەیارە تاڵە چۆن وا خۆش دەخۆیت؟ وتی: ئەو دەستی خۆشەویستییە کە زۆر شتی شیرینی بە من داوە، بەهۆی شتێکی تاڵەوە گلەیی چی بکەم."

*"محمد منور، اسرارالتوحید"*

## خووی نەرم

ڕۆژێك شێخ ئەبو سەعید ئەبو خێر لەگەڵ پۆلێك سۆفی گەیشتنە لای ئاشێك. هاوساری ئەسپەکەی راکێشا و سەعاتێك پشووی دا. ئینجا وتی: "دەزانن ئەم ئاشە دەڵێت چی؟ دەڵێت تەسەوف ئەوەیە کە منی تێدام، شتی درشت وەردەگرم و بەوردی دەیدەمەوە، کەوابوو کاتێك کەسێك قسەی ڕەق بوو، تۆ بە نەرمونیانی وەڵامی بدەوە و ئەگەر خراپەی کرد تۆ چاك بە."

* * *

ڕۆژێك حەزرەتی مەولانا جەلالەدین بە گەڕەکێکدا تێدەپەڕی، دوو کەس مشتومڕیان بوو و جنێویان بەیەکتر دەفرۆشت، یەکیان بەوی تری دەوت: "وەڵاهی هەر قسەیەکم پێ بڵێیت سەد قسەت پێ دەڵێمەوە." مەولانا چووە پێش، فەرمووی: "وەرە هەرچی قسەت پێیە بەمنی بڵێ کە ئەگەر هەزارم پێ بڵێیت، یەك نابیستەوە، هەردووکیان سەریان شۆڕ کردەوە و ناشت بوونەوە."

گەر یەکێك بەخۆشەویستی خۆت
کۆت و بەند بکەیت لەوە باشترە

کە هەزار کۆیلە ئازاد بکەیت
*"عەلائەدین سمنانی"*

## دڵۆڤانی هونەرە

دەگێڕنەوە کە شێخ بایەزید بەستامی شەوێك لەگۆڕستان دەگەڕایەوە. گەنجێك لەخانزادەکانی بەستام سازی دەژەنی. کاتێك لەشێخ نزیك بۆوە، شێخ وتی: "لا حول ولا قوه الا بالله"

گەنجەکە، سازەکەی گرت و لەسەری شێخیدا شکاند. شێخ گەڕایەوە حوجرەی خانەقا و بەیانی زوو پارەی سازە شکاوەکە و تەبەقێك حەڵوای نارد بۆ ئەو گەنجە، وتی: پێی بڵێن کە بایەزید داوای لێبوردن دەکات و دەڵێت کە سازەکەت لەسەری ئێمەدا شکاند، ئەم پارەیە بگرە و یەکی تر بکڕەوە و ئەم حەڵوایەش بخۆ تاکو ئەو خەفەتە لەدڵت دەربچێت!

گەنجەکە کە ئەمەی بیست، هات و بەپێی شێخدا نووسا و تۆبەی کرد و زۆد گریا.

*"عطار، تذکرة الاولیاء"*

## دەبێت بەزێڕ بنووسرێت
## "وتەکانی بایەزید بەستامی"

☐ ئەوەی داوای بەهەشت بکات پیاو نییە،
پیاو ئەو کەسەیە کە بەهەشت داوای بکات.
ئەوەی لەئاگری دۆزەخ رابکات پیاو نییە،
پیاو ئەو کەسەیە کە ئاگری دۆزەخ لێی رابکات.
ئەوەی داوای خودا بکات پیاو نییە،
پیاو ئەو کەسەیە کە خودا داوای بکات.

☐ پرسیاریان لەبایەزید کرد:
"نیشانەی خۆشەویستی خوداوەند چییە؟
وتی: نیشانەی ئەوەی کە خوداوەند یەکێکی خۆش بوێت،
ئەوەیە کە سێ خەسڵەتی پێ دەبەخشێت: دڵێکی فراوان بەپانتایی دەریا،
بەزەییەک وەک بەزەیی خۆر و دڵنزمییەک وەکو دڵنزمی زەوی.

☐ ئەوەی خۆی لەفێرعەون
بە باشتر بزانێت موتەکەبیرە.

☐ ئەوانەی زۆر دوورن لەخوداوەند
کەسانێکن کە خۆیان زۆر بە نزیک
لەو دەزانن.

لەدانایەکیان پرسی: " سەفەری کێ
درێژترە؟"
وتی: "ئەو کەسەی بەدوای هاوڕێی
دڵپاك و یاری راستگۆدا بگەڕێت."
*"شێخ بەهایی"*

## من و تۆ

ڕۆژگارێك دوو هاوڕێ بوون کە زەمەنێك لەسەفەر و شاردا بەیەکەوە بوون. دواتر بارودۆخێکی وا هاتە پێش کە دەبوایە لەدەریادا سەفەر بکەن.

کاتێك کەشتییەکەیان گەیشتە ناوەڕاستی دەریا، یەکیان لەسەر سەکۆی کەشتیەکەوە کەوتە ناو ئاوی دەریا و نقوم بوو، هاوڕێکەی تری دوابەدوای ئەو خۆی فڕێ دایە ناو ئاوەکە و دواتر هەردووکیان ڕزگار کردن.

دوای سەعاتێك هەناسەیان هاتەوە بەر، یەکەم هاوڕێ بەوی تری وت: "ئەوا من کەوتمە ناو ئاوەکە، تۆ بۆچی خۆت بەئاودادا؟"

وتی: من بەبێ تۆ هەستم بەخۆم نەدەکرد، وامدەزانی کە تۆم."

# ٦

# دانایی

## تەمەن ناگەڕێتەوە!

پیاوێک کە بەپارەی حەرام دەوڵەمەند ببوو و سێ سەد هەزار دیناری کۆکردبۆوە، بڕیاری دا کە چیتر خۆی هیلاک نەکات و باقی تەمەنی بەشادی و خۆشی ببات سەر. بەڵام هەر لەو کاتەدا ئیزرائیڵ پێی گەیشت تاکو ژیانی لێ بستێنێت. دنیا لەبەر چاوی ئەو پیاوە ڕەش و تاریک بوو. بەگریانەوە رووی کردە ئیزرائیڵ و پێی وت: "تەمەنێک زەحمەتم کێشاوە، ئێستا کە کاتی ئەوە هاتووە بەری ڕەنجی خۆم بخۆم، هاتووی بۆ ئەوەی ژیانم لێ بستێنیت؟ ئایا هەقە من ئێستا بمرم؟"

بەڵام ئیزرائیڵ هیچ گرنگییەکی بەقسەکانی ئەو نەدا و هەوڵیدا ژیانی بستێنێت. کابرا کە بینی ئیزرائیڵ سوورە لەسەر بڕیارەکەی، وتی: "کەوابوو سەد هەزار دینار لەمن وەربگرە و سێ ڕۆژ مۆڵەتم پێ بدە. دوای سێ ڕۆژ وەرە و ژیانم بۆ تۆ!"

ئیزرائیڵ قبوولی نەکرد.

کابرا وتی: "دووسەد هەزار دینارت پێ دەدەم. دوو ڕۆژ مۆڵەتم پێ بدە!"

ئیزرائیڵ قبوولی نەکرد.

کابرا وتی: "هەموو دارایی خۆم... سێ سەد هەزار دینار دەدەم بەتۆ. تەنها یەک ڕۆژ مۆڵەتم پێ بدە کە زیندوو بم." بێ سوود بوو. ئیزرائیل هیچ پێشنیارێکی لێ قبوول نەکرد، سەرەنجام ئەو پیاوە

وتی: "کەوابوو ئەوەندە مۆڵەتم پێ بدە کە بتوانم رستەیەک بنووسم و بۆ ئەوانەی دوای خۆمی جێ بهێڵم."

ئیزرائیڵ بە ئەندازەی نووسینی رستەیەک مۆڵەتی پێدا.

کابرا پێنووسی هەڵگرت و نووسی: "ئەی خەڵکینە.. من ویستم یەک ڕۆژ لەتەمەنم بە سێ سەد هەزار دینار بکڕمەوە، پێیان نەفرۆشتم. ئینجا ئێوە کەڵک لەتەمەنی خۆتان وەربگرن، چونکە تەمەن مااڵی کڕین و فرۆشتن نییە."

*"عەتار نەیشابوری، الهی نامه"*

ئیبراهیم ئەدهەم لەبیابانێک دەڕۆیشت
بەردێکی بینی کە لەسەری نووسرابوو:
هەڵیبگێڕەوە و بیخوێنەوە!
کە بەردەکەی هەڵگێڕایەوە، نووسرابوو:
تۆ کە ئەوەی دەیزانی کاری پێناکەیت
چۆن داوای شتێک دەکەیت کە نایزانی

* * *

پرسیاریان لەدانایەک کرد:
"برا باشترە یان برادەر؟"
وتی:
"برادەر برایەکە کە مرۆڤ بەدڵی خۆی هەڵیدەبژێرێت."

* * *

لەدانایەکیان پرسی:
"سەختترین کارەسات چییە؟"
وتی:
"کەریم موحتاجی لەئیم (رەزیل) بێت"

* * *

لەکۆڕی جوامێراندا،
سێ شت لەبەرچاو بگرە:
کورتکردنەوەی قسەکانت،
کەمکردنەوەی خواردنت،
دواخستنی رۆیشتنت.

* * *

بە ئەسکەندەری مەقدونی-یان وت:
"ئەم هەموو نیشتمانەت داگیر کردووە
هێشتا قەناعەت ناکەیت؟!"
وتی:
"قەناعەت سروشتی چوارپێیەکانە."

* * *

ڕۆژێك پیاوێك بە شێخ ئەبو سەعیدی وت:
"یا شێخ! فڵان موریدت
کەوتۆتە سەر فڵانەڕێ، مەست و بێ ئاگایە"
شێخ وتی:
"شوکر بۆ خودا کەوتۆتە سەر ڕێیەك و دەڕوات
لەپێ نەکەوتووە."

* * *

کاتێك یەعقوب و یوسف
یەکتریان بینی، یەعقوب وتی:
"کوڕم هەواڵی خۆتم پێ رابگەیەنە."
یوسف وتی:
"باوکە! لێم مەپرسە کە براکانم چییان
لەگەڵ مندا کرد، پرسیاری ئەوە دەکەیت کە
خوداوەند چێ لەگەڵ مندا کرد؟"

لەئەسکەندەریان پرسی:
"لەپاشایەتی خۆتدا چیت بەدەست هێنا
کە پتر لەهەموو شت تۆی خۆشحاڵ کرد؟"
وتی:
"توانای ئەوەی کە هەر کەس چاکەی بۆ من هەبوو،
پاداشی زیاتر لەچاکەکەی پێ دەدەم."

# چەند وانەیەکی زێڕین

لەناو حەوزێکدا خەزێنەیەکیان دۆزییەوە کە هی سەردەمی شاپووری مەلیك بوو، لەناو خەزێنەکەدا لۆحەیەکی زێڕین هەبوو کە ئەم ئامۆژگارییانەی لەسەر نووسرابوو:

ئامۆژگاری یەکەم: هەر پیاوێك کە دەرسەکانی رۆژگار عاقڵی نەکات، هەر دانایەك پەروەردەی بکات رەنج بەخەسارە.

ئامۆژگاری دووەم: هەر پیاوێك کە عەقڵی بەسەر خوو و خوێنیدا زاڵ نەبێت، لەچوارپێ خراپترە.

ئامۆژگاری سێهەم: هەر پیاوێك کە کەڵکی بۆ میللەتەکەی نەبێت، بەزیندوو هەژمار ناکرێت و لەمردوو خراپترە.

ئامۆژگاری چوارەم: فاسق-ێك کە دڵنزم بێت زۆر چاکترە لەقورئان خوێن و زاهدێك کە تەکەبوری هەبێت.

* دانایەك لەکەنار دەریا دەژیا و، پڵنگێك بریندارى کردبوو و بەهیچ دەرمانێك چاك نەدەبۆوە، ماوەیەك بەو دەردەوە ناڵاندی و زوو زوو شوکری خودای دەکرد و دەیووت:

"سوپاس بۆ خودا کە گیرۆدەی بەڵایەکم نەك گوناه."

*"سەعدی"*

* لەشەڕی نێوان دارا و ئەسکەندەردا

دارا نامەیەکی بۆ نارد:

دارا لەناو هەشتا هەزار پیاوی شەڕکەردایە، ویستی بەم قسەیە ئەسکەندەر بترسێنێت.

ئەسکەندەر لەوەڵامدا بۆی نووسی:

"قەساب ترسی لەمێگەلی زۆر نییە."

* پیاوێك چووە لای دانایەك، وتی:

"لەم رۆژگارەدا برایانی دینی خۆشەویست بوونە و بەدەگمەن پەیدا دەبن."

داناکە پێی وت:

"ئەگەر بەدوای کەسێکدا دەگەڕێیت کە یارمەتی بدەیت لای من کەسی وا زۆرن!"

*"تذکرة الاولیاء"*

هیچ کارەساتێك لەنەزانی گەورەتر نییە.
*"سهل تستری"*

## دانایی

دانایەك وتی: خەڵك بەسەر چوار گروپدا دابەش دەبن:
یەکیان ئەوەیە کە دانایە و دەزانێت دانایە، دانایی لەو کەسەوە فێر بن.
یەکێکی تر ئەوەیە کە دانایە و نازانێت دانایە، ئەو کەسە فەرامۆشکارە، بەیری بهێننەوە.
یەکێکی تر ئەوەیە کە نەزانە و دەزانێت نەزانە، شتی فێر بکەن.
یەکێکی تر ئەوەیە کە نەزانە و نازانێت کە نەزانە، لەو کەسە دوور بکەونەوە.
*"ئیمام محمد غزالی"*

کاتی خوێندنی لەئەفلاتون-یان پرسی:
بۆچی زیاتر لەباوکت رێز لەمامۆستاکەت دەگری؟
وتی: "لەبەر ئەوەی کە باوکم منی لەئاسمانەوە هێنایە سەر زەوی، بەڵام مامۆستاکەم بەهۆی فێرکردنی زانست لەزەوییەوە منی گەیاندەوە بۆ ئاسمان."

به فەیلەسوفێکیان وت:

"لەزانستەکاندا بەکوێ گەیشتووی؟"

وتی:

"گەیشتوومەتە ئاستێك كە دەزانم هیچ نازانم."

دەگێڕنەوە لەسوقڕات كە لەڕۆژگاری پیریدا فێری مۆسیقا دەبوو، پێیان وت كە ئەی شێخی گەورە، تۆ شەرم ناتگرێت كە لەم تەمەنەدا بوویتەوە بە قوتابی؟

وتی: "زۆر شەرم دەكەم لەوەی كە لەتەمەنی پیریدا نەزان بم."

* * *

پرسیاریان لەمحەمەد غەزالی كرد:

"چۆن بەم ئاستە لەزانست گەیشتی؟"

وتی:

"هەرچییەكم نەزانیبا بێ نەوەی شەرم بكەم پرسیارم دەكرد!"

*"گوڵستانی سەعدی"*

ئەفلاتون دەڵێت:

"سەیری ناو ئاوێنە بکە،
ئەگەر ڕوخسارێکی جوانت هەیە
با کردەوەکانت شایەنی جوانییەکەت بێت و
ئەگەر ناحەز و نالەبارێت،
بەکردەوەی خراپ خۆت ناحەزتر و نالەبارتر مەکە."

* * *

لەدانایەکیان پرسی:

"نیعمەتێک کە ئێرەیی بەخاوەنەکەی نەبەن
یان بەڵایەک کە تووشی هەر کەسێک بوو دڵسۆزی بۆ نەکەن، چییە؟"

وتی:

"ئەو نیعمەتە، دڵنزمییە و
ئەو بەڵایەش، تەکەبورە."

## بەدوای سێ شتدا مەگەڕێن کە نایدۆزنەوە

فضیل عیاض وتی:
"بەدوای سێ شتدا مەگەڕێن کە نایدۆزنەوە
بەدوای زانایەکدا مەگەڕێن کە زانستەکەی رادەی کردەوەکانی بێت
نایدۆزنەوە و بێ زانا بمێننەوە.
بەدوای کەسێکدا مەگەڕێن کە بێ خەوشی تێکەڵ بە کردەوەکانی بێت
نایدۆزنەوە و بێ کردەوە بمێننەوە و،
بەدوای برای بێ عەیبدا مەگەڕێن
کە نایدۆزنەوە و بێ برا بمێننەوە.

*"عەتار نەیشابوری"*

## گەڕان بەدوای ئاگردا

دەرویشێك بەخزمەتکارەکەی خۆی وت:
"ئاگری سوورم بۆ بهێنە لەدۆزەخەوە
تاکو نێرگەلەکەم بگەشێنمەوە.
خزمەتکارەکەی ڕۆیشت و دوای چەند خولەکێك گەڕایەوە
وتی: "ئەی دەرویش، لەدۆزەخ ئاگرم دەست نەکەوت. بەڵام بەباشی سەیرم کرد و بینیم، هەر
کەسەو لەئاگری کردەکانی خۆیدا دەسووتا!"

## دەبێت بەزێڕ بنووسرێت

## "وتار و قسەکانی حسن بصری"

* ئەرکی دراوسێیەتی تەنها ئەوە نییە کە ئازارت بۆیان نەبێت، بەڵکو تەحەمول کردنی ئازارەکانیانە.

* لەنێوان دوو کردەوەدا چەندە جیاوازی هەیە، کە یەکیان چێژەکەی سنووردارە و ئێشەکەی دەمێنێتەوە. ئەوی تریان ئێشەکەی دەڕوات و پاداشەکەی دەمێنێتەوە.

* هەرکات شتێکی خراپت بە منداڵەکەی خۆتەوە بینی، بزانە کە ئەو خراپەیە هی تۆیە، کەوابوو خۆت چاک بکە.

* ئەگەر دەتهەوێت دنیا ببینیت کە لەدوای تۆ چی بەسەر دێت، سەیر بکە بزانە لەدوای مەرگی کەسانی تر چی بەسەر دێت.

* یەکێك وتی: لای حسن بصری بووین کوڕەکەی هات و وتی:

"باوکە تیرۆگی سەقڵی ماڵەکەمان شکاوە"
حەسەن سەیرێکی کرد و وتی:
"مەرگ لەوەش خێراتر دێت."

* کەریم ئەو کەسەیە کە بەڵێن دەدات و جێبەجێی دەکات
و پەلەی تێدا دەکات
و پیاوی سوکیش کە بەڵێن دەدات،
هەر ئەمڕۆ و بەیانی دەکات و درەنگ جێبەجێی دەکات.

* ناکۆکی ناخ و ڕواڵەت و
دڵ و زمان هەمان دووڕوویییە.

## سەختترین شتەکان چین؟

لەکۆڕێکی کیسرا سێ کەس لەدانایان لێك خڕبوونەوە. فەیلەسوف ڕۆم و حەکیمی هیند و بوزورگمێهر.

قسە لەسەر ئەوە کرا کە سەختترین شتەکان چین؟

ڕۆمی وتی:

"پیری و سستی لەگەڵ نەداری و هەژاری."

هیندییەکە وتی: "لەشی نەخۆش لەگەڵ خەمی زۆر."

بوزورگمێهر وتی: "نزیکبوونەوەی ئەجەل لەکاتی دوورکەوتنەوە لەچاکە و کاری باش."

هەمووان بەوتارەکەی بوزورگمێهر رازی بوون و لەقسەی خۆیان پاشگەز بوونەوە.

*"عەبدولڕەحمان جامی"*

## سەرەتا بیرکردنەوە دوایی قسەکردن

کاتی خۆی پۆلێك دانای هیندی باسی بوزورگمێهریان دەکرد، لەکۆتاییدا جگە لەوەی کە لەقسەکردندا زۆر بەدرەنگی دەکەوێت و دەبێت زۆر چاوەڕێی بکەن تاکو وتەیەکی لێ دەبیستن، هیچ عەیبێکی تریان نێ نەدۆزییەوە.

بوزورگمێهر گوێی لەم قسانە بوو و وتی:

"بیرکردنەوە لەوە باشترە پەشیمان ببمەوە کە چیم وت".

## تەمەنت چەند ساڵە؟

لەبایەزیدیان پرسی:

"تەمەنی تۆ چەند ساڵە؟"

وتی: "چوار ساڵ"

وتیان: "چۆن شتی وادەبێت؟"

وتی:

"حەفتا ساڵە کە لەژێر حیجابی دنیادام.

بەڵام چوار ساڵە کە چاوم بەدنیادا کراوەتەوە و،

ڕۆژگاری ژێر حیجاب هەژمار ناکەم."

*"هەجویری، کشف المهجوب"*

# مالْ و چێشتخانە

وەزیرێك كۆشكێكی تایبەتی دروست كرد و
پاشای بانگهێشت كرد.
پاشا بەناو كۆشكەكەیدا دەگەڕا،
گەیشتە چێشتخانەیەكی زۆر بچوك.
وتی ئەو چێشتخانەیە لەگەلْ فراوانی كۆشك ناگونجێت و،
وەزیری وتی:
"تەسكی چێشتخانەكە بووەتە مایەی فراوانی كۆشك."

* * *

هەرشتێك كە لەڕووی رەغبەت و ئیشتیاوە بیخۆیت، كەوابوو تۆ ئەوت خواردووە و، ئەوەی بەنابەدڵی بیخۆیت كەوابوو ئەو تۆی خواردووە.

خواردن بۆ ژیان کردن و زیکر کردنە
وامەزانە کە ژیانکردن بۆ خواردنە
"سەعدی"

*ڕووناکی بەرین بۆ شوێنێك، کە تاریکی تێیدا زاڵە.*
*ئومێد بەرین بۆ شوێنێك، کە نائومێدی باڵی بەسەردا کێشاوە و،*
*لەڕووناکی ئاسماندا هەنگاو بنێین.*

سەرچاوەی عەشقی ئێمە بۆ
مندالەکانمان گەورەترین ئارەزووی
ڕۆحە بۆ نەمری.
"ئەفلاتون"

## پرسیارکردن لەسوقڕات

لەسوقڕاتیان پرسی:
"کام خەسڵەتی خەڵکی ڕۆژگاری خۆت
لۆمە دەکەیت؟"
وتی:
"هیمەتی من بۆ خواردن
بۆ ئەوەیە کە زیندوو بمێنم و
هیمەتی ئەوان بۆ ژیان لەبەر ئەوەیە
کە بخۆنا"

## ناوبانگی باش

دانایان وتوویانە:

"وەها بژی کە لەپشت سەرتەوە

باسی چاکەت بکەن

کە مەدحی روبەڕوو لەڕووی ترس یان ئومێدەوەیە.

لەژیاندا هەوڵ بدە لەکەسانی تر باشتر بی

کە لەدوای مەرگ هەمووان یەکسانن و

جگە لەناوبانگی باش، یان ناوبانگی خراپ

هیچی تر نامێنێتەوە.

پیاوێک بە فەیلەسوفێکی وت:

"فلانە کەس، دوێنێ شەو ناوەها باسی خراپەی تۆ دەکرد."

فەیلەسوف وەڵامی دایەوە:

"ئەوەی راستییەی کە ئەو شەرمی دەکرد

بەرامبەر بەخۆم بیلێت،

تۆ روبەڕوو بە منت وت."

* * *

لای شێخێک گلەییم کرد کە:

"فلان کەس شایەتی ناڕەوای لەسەر من داوە.

وتی:

بەچاکەی خۆت شەرمەزاری بکە."

# ٧

# میر و فەرمانڕەواکان

# وەڵامی پێغەمبەر( ص )

دەگێڕنەوە: عەباس-ی مامی پێغەمبەر( ص ) داوای لێکرد
کە من بکە بە فەرمانڕەوای قەومێك.
وتی:
یا عم بك نفسك.
واتە: تۆم کرد بە میری نەفسی خۆت.
مەبەست لەم قسەیە ئەوەیە کە
تۆ کە ناتوانی بەسەر نەفسی خۆتدا زاڵ بیت
چۆن دەتوانی حکومەت و
فەرمانڕەوای بەسەر خەڵکدا بکەیت؟

*"مجویری، کشف المحجوب"*

## لەناو خەڵکدا بە..

عەرەبێکیان بردە خزمەتی خەلیفە. بینی خەلیفە لەسەر تەخت دانیشتووە و ئەوانی تر لەخوارەوەی وەستاون.

وتی:

"السلام علیك یا الله."

وتی: "من الله نیم."

وتی: "... یا جبرائیل"

وتی: "جبرائیل نیم."

وتی: "الله نیت، جبرائیل نیت؟

کەوابوو بۆچی چوویتە ئەو سەرە و بە تەنیا دانیشتووی؟

تۆش وەرە خوارەوە و لەناو خەڵك دابنیشە."

*"عوبەید زاکانی"*

# کۆتایی حکومەتەکان

لەکتێبی ئەدەبی عەرەب-دا هاتووە کە پاش رووخانی ساسانییەکان، بوزورگمێهر رۆیشت بەرەو تەبەرستان.

پرسیاریان لێکرد کە هۆکاری کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی ساسانییەکان چی بوو. لەوەڵامدا وتی:

"لەبەر ئەوەی کاری گەورەیان بەخەڵکی بچوك ئەسپارد و کاری بچوکیشیان دایە خەڵکی گەورە، گەورەکان بەکارە بچوکەکان رازی نەبوون و بچوکەکانیش دەرەقەتی کارە گەورەکان نەهاتن و سەرەنجام هەموو هەوڵەکان تووشی شکست بوون.

*"محەمەد تەقی بەهار"*



# زوڵم

ڕۆژێک کیسرا دانیشتبوو، سەرپەرشتیاری چێشتخانە خواردنی هێنا و لەپێش کیسرا داینا. لەپڕ پێی لەگۆشەیەکی تەختەکەی کیسرا هەڵچەقا و هەندێک لەخواردنەکە بەسەر کیسرادا ڕژا.

کیسرا تووڕە بوو و فەرمانی کرد کە سەرپەرشتیاری چێشتخانە سزا بدەن، ئەویش کاتێک ئەو فەرمانەی کیسرای بیست قاپی چێشتەکەی هەڵگرت و هەموو بەسەر کیسرادا ڕشت. کیسرا وتی: "مانای ئەمە چیبوو؟"

وتی: "ئەگەر بەتاوانی ئەوەی کە ڕوویدا منت سزا بدابوایە، زمانی خەڵک درێژ دەبوو و دەیانووت خزمەتکارێکی بێ تاوانی کوشت و زوڵمی کرد، من پێم باش نەبوو کە تۆ تووشی ئەو زوڵمە بکەم، بۆیە بە ئەنقەست قاپە چێشتەکەم بەسەرتدا ڕشت تاکو ئەگەر منت سزا دا، بەهۆی تاوانێکی گەورە بوایە نەک بەتاوانی سەهوێەکی بچوک.

"محەمەد عوفی"

## ئازادی رادەربڕین

رۆژێك حەجاج یوسف لەگەڵ پۆلێك لەهاوڕێكانی بەناو دەشتێكدا دەگەڕا.

لەدوورەوە شوانێكی بینی كە مەڕەكانی هێنابوو بۆ لەوەڕ. بەهاوڕێكانی وت:

لەشوێنی خۆتان بن، بۆلای ئەو شوانە دەچم و دەگەڕێمەوە. سواری ئەسپەكەی بوو و چووە لای شوانەكە و سڵاوی لێكرد. شوانەكە وەڵامی دایەوە.

حەجاج لێی پرسی: "كاكی شوان، حەجاج یوسف چۆن حاكمێكە؟"

وتی: "لەعنەتی خودای لێبێت كە هەرگیز زاڵمی وەكو ئەو حكومەتی نەكردووە، بێ بەزەیی و خوێنمژ، لەخوا ناترسێت و هیوادارم چی زووە لەسەر زەوی نەمێنێت!؟

حەجاج وتی: "من دەناسی؟" وتی: "نا" وتی: "من خودی حەجاجم!"

شوانەكە ترسا و رەنگی گۆڕا. حەجاج وتی: "ناوت چییە؟"

وتی: "ناوی من وەردان-ە و لەمانگدا سێ رۆژ تووشی صرع دەبم و شێت دەبم، ئەمڕۆ یەكێكە لەو رۆژانە!" حەجاج پێكەنی و پاداشتێكی دایە و رۆیشت.

*"علی صفی"*

# نامۆژگاری

یەکێك لەداناکان چووە خزمەتی خەلیفە.

خەلیفە پێی وت:

"پیاوی عاقڵ! نامۆژگارییەکم بکە!"

داناکە وتی:

"سەفەرێکم کرد بۆ چین. گوێی پاشای چین کەڕ ببوو.

دەگەڕیا و دەیووت:

بۆ ئەوە ناگریم کە چیتر نابیسم،

بۆ ئەوە دەگریم کە نەکا ستەملێکراوێك لەدەرگام بدات و هاوار بکات، من نەیبیسم!"

*"نصیحه‌الملوك"*

## ئاسایشی کۆمەڵایەتی

رۆژێک کەریم خانی زەند چووە دیوانی داد. کەسێک هاواری لێ هەستا و وتی: "کوا ویژدان؟".

کەریم خان لێی پرسی: "تۆ کێیت؟"

وتی: "من بازرگانم و ئەوەی هەمبوو لێم دزرا."

کەریم خان وتی: "کاتێک سەرومالّی تۆیان دزی تۆ چیت دەکرد؟"

بازرگان وتی: "خەوتبووم."

کەریم خان وتی: "بۆچی خەوتبووی؟"

بازرگان وتی: "وامدەزانی تۆ بێداری!"

# عەلی(ع) و خەڵکی ئەنبار

عەلی(ع) کاتێک بەرەو کوفە دەهات، چووە ناو شاری ئەنبار، کە خەڵکەکەی ئێرانی بوون.

کوێخا و جووتیارە ئێرانییەکان خۆشحاڵ بوون کەوا خەلیفە خۆشەویستەکەیان بەناو شارەکەیاندا تێدەپەڕێت، بەرەوپیری چوون. کاتێک کاروانەکەی عەلی کەوتە ڕێ ئەوان لەپێش کاروانەکەی ڕایاندەکرد.

عەلی بانگی کردن و پرسی: "بۆچی ڕادەکەن، ئەمە چ کارێکە ئێوە دەیکەن؟!"

- "ئەمە جۆرێکە لەڕێزگرتن کە ئێمە بۆ میر و کەسانی پایەبەرز ئەنجامی دەدەین. ئەمە نەریتە و جۆرێکە لەئەدەب، کە لەناو ئێمەدا هەر باو بووە."
- "ئەم کارەی ئێوە لەم دونیایە تووشی ڕەنج و مەینەتیتان دەکات و لەدواڕۆژیش تووشی عەزاب دەبن. هەمیشە خۆتان لەم چەشنە کارانە بپارێزن کە سوک و ڕیسواتان دەکات."

*"داستانی ڕاستان"*

# ڕێبوار

دەڵێن "ئیبراهیم" فەرمانڕەوای بەڵخ هەموو ناز و نیعمەتێکی دنیای لەبەردەستدا بوو. ئەو خاوەنی هەموو چێژ و خۆشی و دارایی و هێزێك بوو، بەڵام دڵخۆش نەبوو و هەمیشە لەناخەوە هەستی بە بەتاڵی دەکرد. ڕۆحی بەدوای شتێکدا دەگەڕا کە خۆیشی نەیدەزایی چییە. ڕۆژێك بێگانەیەك هاتە ناو دەرباری فەرمانڕەوا. لەگەڵ ئەوەی گەیشتە ناو هۆڵی دەربار ڕاخەرێکی لەسەر زەوی ڕاخست و لەسەری خەوت. فەرمانڕەوا ئەو ڕەفتارەی بە سووکایەتی لەقەڵەم دا و پێی وت: "تۆ پێت وایە کە کۆشکی من چۆن جێگایەکە؟"

ئەو بێگانەیە بە فەرمانڕەوای وت: "بەڕای من کۆشکی ئێوە میوانخانەیە."

فەرمانڕەوا پرسی: "مەبەستت چییە کە کۆشکی من بە میوانخانە ناو دەنێیت؟"

وتی: "تکایە لەمن تووڕە مەبن، بەڵام وەڵامی پرسیارەکەم بدەنەوە. بڵێن بەڕلە ئێوە کێ لەم کۆشکەدا ژیانی بەسەر دەبرد؟"

فەرمانڕەوا وتی: "بەڕلەمن باوکم لێرە دەژیا."

وتی: "ئێستا باوکی جەنابت لەکوێیە؟"

فەرمانڕەوا وتی: "ئەو مردووە."

پرسی: "پێش باوکت کێ لەم کۆشکەدا دەژیا؟"

فەرمانڕەوا وتی: "باپیرەم"

پرسی: "باپیرەت ئێستا لەکوێیە؟"

فەرمانڕەوا وتی: " ئەویش مردووە."

پرسی: "پێش باپیرەت کێ لەم کۆشکەدا دەژیا؟"

فەرمانڕەوا وتی: "بەرلەویش باوکی ئەو لێرە ژیاوە".

پرسی: "ئەو ئێستا لەکوێیە؟"

فەرمانڕەوا وتی: "ئەو مردووە."

کابرای بێگانە وتی: "کەوابوو بێگومان ئەم کۆشکە میوانخانەیە، چونکە خەڵکی دێن، ماوەیەک تێیدا دەمێننەوە و دواتر لەبڕۆن. گەورەم.. ئێوەش دەبێت ڕۆژێک تەرکی ئێرە بکەن". ئەو بێگانەیە لەگەڵ وتنی ئەم قسانەی لەپڕ ون بوو، بەڵام وتەکانی کاری کردە سەر دڵی فەرمانڕەوا، ئەو بەخۆی وت: "ئێرە کۆشک نییە، بەڵکو میوانخانەیە".

گشت جیهان میوانخانەیە. ڕۆژکەس ڕۆژانە دێنە دنیاوە و ڕۆژکەسیش ڕۆژانە ماڵئاوایی لەدنیا دەکەن. ئەم زەوییە ماڵی ئێمە نییە، کەوابوو ماڵی ڕاستەقینەی ئێمە لەکوێیە؟ لەکوێوە و بۆ چ مەبەستێک هاتووینەتە سەر ئەم هەسارەیە؟

* * *

گوندی حاجی مامه ند
گوندی به رقه ۲

گوندی حاجی مامه ند
گوندی حاجی مامه ند و به رقه ۲

you are greater than that  you are thinkin of 6



دەبێت بە زێڕ بنووسرێت

وتار و قسەکانی زەنونی میسری

زەنونی میسری دەڵێت: یەکێکم بینی کە بە ئاسماندا دەفڕی. وتم: چۆن گەیشتیتە ئەم ئاستە؟
وتی: پێم لەنەفس نا تاکو باڵم گرت.

- هاوڕێیەتی کەسێك بکە کە لەگەڵ گۆڕانی تۆدا نەگۆڕێت.
- هاوڕیەتی کەسێك مەکە کە رواڵەتی گوزارشت لەناوەڕۆکی نەکات.
- وتیان دنیا چییە؟ وتی: ئەوەی تۆ سەرقاڵ بکات و لەحەق دوورت بخاتەوە.
- ڕەمزی خۆشبەختی من لەسێ شتدایە: چەندەی تەمەنم دەچێتە سەر، تەماحم کەمتر دەبێتەوە و، چەندەی ماڵ و موڵکم زیاد دەبێت، دەست و دڵ کراوەتر دەبم و، چەندەی پلە و پایەم بەرز دەبێتەوە، دڵنزمتر دەبم.
- شەرم لەخوا بکە کە ئەوەی پێت خۆش بێت داوای لێ دەکەیت، لەکاتێکدا ئەوەی خوا بەناپەسندی دەزانێت تۆ ئەنجامی دەدەیت.
- یەکەم ڕێگە بۆ گەیشتن بەخوا، خۆشەویستی و تەندروستییە.


سایە

https://www.facebook.com/XanaySaya

nawandy.saya@yahoo.com

نرخ ( 4000 ) دینار

چاپخانەی ڕۆژهەڵات / هەولێر